# کاتی گێڕانەوە لە ڕۆمانی "هوتێل ئەوروپا"ی "فەرهاد پیرباڵ"دا لە ڕوانگەی (جیرارد جینێت)

# الزمن السردی في رواية (فندق أوروبا) لفرهاد بيربال، رؤية (جرارد جنيت) .

# "Narrative time in "Farhad Pirbal's" novel "Europe Hotel from the Gérard Genette's perspective

ڕەنجدەر ازاد عزیز[1]
[1] بەشی ژمێریاری،فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان وکۆمەڵایەتییەکان، زانکۆی کۆیە، شاری کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: ranjdar.azad@koyauniversity.org

**پوختە**

گێڕانەوەسازی وەك زانستێك، کە شێوە و بنیاتی دەق گێڕانەوە شیکاردەکات و لێیدەکۆڵێتەوە. "جیرارد جینێت" فەرەنسی، وەك ڕەخنەگر و تیۆرزانی ئەم بوارە، پێیوایە نوسەران بۆ گێڕانەوەی حیکایەت دەتوانن لە سێ ڕووەوە گۆڕانکاری بەدی بهێنن، کە ئەمانیش: "سستمی ڕێکخستن"، "ماوە"، "دوبارەبوونەوە"ن. مەبەست لە ڕێکخستن، زنجیرەی بەدوایەکداهاتنی ڕووداوەکانی حیکایەتە کە دەشێ لەئاستی گێڕانەوەدا تێکبشکێنرێن. مەبەست لە ماوە، بری ماوەی کاتی ڕودانی ڕوداوێکە لە ئاستی حیکایەت و بری ئەو ماوەیەی کە لەئاستی گێڕانەوەدا هەیە، کە دەشێ یەکسان، یاخود زیاد یا کەمتربێت. هەرچی دوبارەبوونەوەیە، واتا دوبارەبوونەوەی ڕوداوە لەئاستی حیکایەت و چەند جارەی دوبارەبوونەوەی هەمان ڕوداو لەئاستی گێڕانەوەدا، یاخود بەپێچەوانەوە. توێژینەوەی بەردەست بەپشت بەستن بە میتۆدی "وەسفی شیکاری" هەوڵدەدات بنەما و پێوەری تیۆرەکەی "جیرارد جینێت" لەسەر ڕۆمانی "هوتێل ئەوروپا"دا پراکتیزە بکات. لەبەرئەوەی ڕەوتی کات و دەرهاویشتەکان لە نێو گێڕانەوەکانی ئەم ڕۆمانەدا نموونەیەکی زیندوون تا بەپێی پێوەرەکانی ئەم تیۆرە لێیان بکۆڵرێتەوە. توێژینەوەکە بەسەر دوو بەشدا دابەشکراوە، لەبەشی یەکەمدا: هەوڵدراوە لەبارەی گێڕانەوەسازی و کاتی گێڕانەوە و تیۆرەکەوە بدوێ. بەشی دووەمیشدا تەواوی تیۆرەکە بەسەر دەق ڕۆمانەکەدا پراکتیزە کراوە.

**وشە کلیلیەکان:**(گێڕانەوەسازی، کاتی گێڕانەوە، جیرار جینێت، ڕۆمانی هوتێل ئەوروپا، فەرهادپیرباڵ)

| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| DOI Link | http://doi.org/10.32410/huj-10494 |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٣/١/٩ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٢/٢٢ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٣/١٢/٣١ |
| ئیمەیلی توێژەر | ranjdar.azad@koyauniversity.org |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢٣ م.ڕەنجدەر ازاد عزیز، گەیشتن، بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

## الملخص

إن السرديات كعلم يقوم بدراسة و تحليل البنى النصية وأساليبها ،وعند جرار جنيت فان الكاتب لكي يقوم بسرد الحكايات عليه أن يقوم بثلاث مهام رئيسة ،وهي " التنظيم" و"الوقت" و"الإعادة" ، ويقصد بالتنظيم تسلسل تعاقب أحداث الحكاية وليس شرطا ان تكون هذه الأحداث متسلسلا منطقيا ، ويقصد بالوقت حجم وقت الأحداث على مستوى الحكاية وحجم وقت مستوى السرد ،أما الإعادة فيقصد بها اعادة الحدث على مستوى الحكاية وعدد اعادة نفس الحدث على مستوى السرد أو بالعكس . هذا البحث استعان بالمنهج التحليلي الوصفي ويحاول تطبيق طريقة ومنهج "جرارجنيت" على رواية "فندق أوروبا" ،لأن عنصر الزمن وتمخضاته في سرد هذه الرواية واضحة وجلية . والبحث منقسم على فصلين ، في الفصل الاول تمت دراسة السرد وزمن السرد ومنهج جرار جنيت ، أما في الفصل الثاني فقد تطرق الباحث الى تطبيق هذا المنهج على نصوص الرواية .


**الكلمات المفتاحية :**(السرديات ، زمن السرد ، جيرار جينيت ، رواية هوتيل أوروبا، فرهاد بيربال )


## Abstract

Narrative as a science analyzes and studies the form and structure of narrative texts. French critic and theorist Gérard Genette believes that writers can change the storytelling in three ways: “arrangement system”, “duration”, and “repetition”. Arrangement system refers to the chronology of events in the story that can be broken down at the narrative level. Duration refers to the amount of time that an event takes at the story level and the amount of time at the narrative level, which can be equal, more or less. Repetition means the recurrence of an event at the story level and the repetition of the same event at the narrative level, or vice versa.

This study attempts to apply the principles and criteria of Gérard Genette’s theory by using the "analytical description" method on the novel Europe Hotel because the course of time and the outcomes in the narratives of this novel are typical examples to be examined by the criteria of this theory.

The research has been divided into two sections. In the first section, it attempts to discuss narrative structure, narrative timing and theory. In the second part, the entire theory has been applied to the whole text of the novel.


Keywords: ( Narrative, Narrative time, Gerard Genet, Europe Hotel, Farhad Pirbal)

## پێشەکی:

گێڕانەوەسازیی وەك زانستێكی تازە لە دونیای ئەدەبیدا، گرنگی بە بنیاتی گێڕانەوەی حیکایەت دەدات. لەم ڕوانگەوە كۆمەڵێك تیۆرزان بەبۆچوونەكانیان لەو مەیدانەدا ئەسپی خۆیان تاوداوە، كە سەرتڕۆپكی ئەو هەوڵانەش بۆ دوای بونیادگەری دەگەڕێتەوە لە توێژینەوەكەی "جیرار جینێت"دا، كە چەمكی كات بەرەگەزێكی كاریگەر دەزانێت بۆ دۆزینەوە و ئاشكراكردنی پەیوەندی نێوان ئاستی حیکایەت و ئاستی گێڕانەوە؛ بۆ ئەم مەبەستە لەچەند لایەنێكەوە لە پەیوەندی نێوان كاتی حیکایەت و كاتی گێڕانەوەی كۆڵیوەتەوە؛ كە ئەوانیش لەڕووی سیستمی ڕێكخستنی ڕوداوەكان و ماوەی ڕوودانیان و دووبارەی بوونەوەیانە لەنێو دەقدا. كەتیایدا بەسەر دەقی ڕۆمانی "هوتێل ئەورووپا"ی نوسەر "فەرهاد پیربالّ"دا پراكتیزەكراوە.

چوارچێوەی توێژینەوەکە: بەسەر دوو بەشدا دابەشکراوە، بەشی یەکەم تایبەتکراوە بەناساندنی چەمك و پێناسەی گێڕانەوە و گێڕانەوەسازی،لەگەڵ کاتی گێڕانەوە و تیۆرەکەی جێرارد جنێت لە گێڕانەوەسازیدا، هەرچی بەشی دووەمە تەواوی تیۆرەکە بەسەر دەقی ڕۆمانەکەدا خراوەتەڕوو.

## ئامانج لەم توێژینەوەیە:

پیشاندان و دەرخستنی تیۆرە تازەکانی گێڕانەوەیە بۆ نوسەران و لێکۆڵەرانی ئەم بوارە؛ بەتایبەت بۆچوونەکانی "جیرار جینێت" لەگێڕانەوەسازیدا. هەروەها بەپراکتیزەکردنی بەسەر ڕۆمانی کوردیدا دەیەوێت ئەوە بخاتەڕوو کە ڕۆماننوسی کوردیش لەبەکاربردنی ڕەگەزەکانی بنیاتی نووسینی ڕۆماندا بێئاگا نین و شارەزان.

## گرنگی لێکۆڵینەوەکە:

گرنگیەکەی لەوەدایە، لەلایەکەوە بۆچوونەکانی جینێت ئاشنامان دەکات بەوەی، کە بەشیکارییەکی وردتر بپرژێینە سەر توێژینەوە، بەسەر ژانرەکانی گێڕانەوەدا؛ بەتایبەت ژانری ڕۆمان. لەلایەکی دیکەشەوە بۆ نوسەرانی گێڕانەوە هاوکارێکی باشە و ئاشنایان دەکات بە تەکنیکە تازەکان لەنووسینی ڕۆمان.

## میتۆدی توێژینەوەکە:

ئەم میتۆدەی کە لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتووە، میتۆدی (وەسفی-شیکاری)یە، کە وەك میتۆدێکی باو لەتوێژینەوە ئەدەبیەکاندا پشتی پێدەبەسترێ، بەسەر دەقی ڕۆمانی "هوتێل ئەوروپا"دا پراکتیزەکراوە. ئەم میتۆدە لەڕێگەی خوێندنەوە و وەسفی ڕۆمانەکەوە دەمانگەیەنێت بەو لایەنانەی کە لەتیۆرەکەی جینیتدا تیشکیان خراوەتەسەر.

## بەشی یەکەم: گێڕانەوە و گێڕانەوەسازی لای جیرارد جنێت:

١-١ گێڕانەوە: لەڕووی زاراوەوە بنچینەکەی لە وشەی (Narration)ی ئینگلیزییەوە وەرگیراوە کە بۆ (Narrate) لاتینی دەگەڕێتەوە، لە زمانی یۆنانیش (Gnarus)ی پێدەوگوترێت؛ کە بەواتای زانین، یا ناسین دێت. بەڵام لەدونیای ئەدەبیدا بەواتای "کۆمەڵێك ڕوداو دێت، کە لەڕووی سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتاییەوە خاوەنی ڕێکخستن و شێوازێکی تایبەت بەخۆیەتی "(بشری،١٣٩٣: ٨٦). هەرچی زمانی عەرەبییە زاراوەی (روایت)ی بۆ داناوە و زمانی فارسیش هەمان زاراوەی (روایت)یان بۆ ئەم چەمکە داناوە، کە لەزمانی عەرەبیەوە خزاوەتە ناو زمانەکەیانەوە؛ کە بەواتای "گەیاندنی قسە، یا هەواڵێکە لە لایەن کەسێکەوە" (دهخدا،١٣٧٧: ١٢٢٩٧). کوردیش بۆ ئەم چەمکە زاراوەی (گێڕانەوە) داناوە، کە لە"فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە"دا بەواتای "گێڕاندنەوە، گێڕاندنەوەش بەواتای باسکردنی قسەی گوتراو"(مەکریانی،١٣٨٥: ٧٤١). بێگومان ئەم چەمکەش تەنها ژانرەکانی چیرۆك و ڕۆمان ناگرێتەوە، بەڵکو، "بە واتای هەر شتێك دێت کە هەڵبستێ بەگێڕانەوە، یاخود خستنەڕووی حیکایەتێك –کە دەکرێ کتابێکی ئەدەبی، وێنەیەك، ڕۆژنامە یا فیلمێك بێت"(یعقوبی،١٣٩١: ٢٩١)، چونکە هەریەك لەمانە بەشێکی ڕەگەز و بنەماکانی گێڕانەوەیان لەخۆگرتووە، کەخۆیان لەو زانیاریانە دەبیننەوە، کەزادەی بیر و ئەزموونی مرۆڤن جارێکی دیکە بەشێوەیەکی جیاوازتر دادەڕێژرێنەوە.

بۆیە دەگوترێت مرۆڤ وابەستەیە بەو واقیعەی کەتیایدا دەژی و هەموو ئەو خۆشی و ناخۆشیانەی کە سەرچاوەکەی ڕوداوەکانی ژیانیەتی، ئەزموونیان دەکات و دەبن بەبەشێك لە ژیانی و لەیادگەیدا دەمێننەوە؛ لەبەرئەوەی مرۆڤیش لەخودی خۆیدا بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و هەمیشە وێڵە بەدوای دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا، بۆیە "لەهەر شوێنێك مرۆڤ هەبێ گێڕانەوەش هەیە. کۆمەڵگەی بێگێڕانەوە بوونی نییە"(اخوت،١٣٧١: ١٠). بەمەش مرۆڤ لە پێناو دروستکردنی ئەم پەیوەندییەدا دوبارە هەموو ڕوداوەکانی ژیانی ڕابردووی دێنێتەوە بەرباس و خواس، بەڵام ئەمجارەیان بە فۆڕم و بەرگێکی تازەترەوە کەپەیوەستە بە لێهاتوویی کەسەکە خۆیەوە کە بە"گێڕەرەوە"


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

ناودەبرێ. لەم بارەوە "ریمون کنان" دەنووسێت:"بەدیهێنان و ئەفراندنی مرۆڤ لەگەڵ تەواوی ئەو ڕوداوانەشی کە لەژیانیدا ڕوودەدەن جۆرێکی گێڕانەوەیە، چونکە مرۆڤ لەسەرەتای دەسپێکی ژیانییەوە تا گەیشتن بەکۆتاییەکەی، قۆناغ و پلەی جۆراوجۆری بڕیوە و خودی گێڕەرەوەی حیکایەتی ژیانی خۆیەتی"(کنان،١٣٨٧: ١٠) ئەم پرۆسەیەش بە بەردەوامی لەنێوان "حیکایەت" و "گێڕەرەوە" دا دێت و دەچێت. بۆیە هەموو ڕوداوەکان کەلەواقیعدا بە زنجیرە بەدوای یەکدا دێن و دەبن بە حیکایەت و جارێکی دیکە لەلایەن کەسێکەوە کە بەگێڕەرەوە دەناسراوێت، بەبەرگێکی تازەوە کە جیاوازترە لەخودی حیکایەتەکە دەردەکەوێ و دەگێڕدرێتەوە. ئەم گێڕانەوەیەش کارێکی هەروا سانانییە، چونکە "چۆنیەتی گێڕانەوە لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر و لەگۆشەنیگایەکەوە بۆ گۆشەنیگایەکی تر دەگۆڕێت. واتە گێڕانەوە هەر ئەوە نییەکە بەشێوەیەکی ئاسایی و زمانێکی ساکار ڕوداوێك بگێڕیتەوە، بەڵکو پێویستە گێڕەرەوە لەگێڕانەوەدا لێهاتووی بنوێنێت لە تەزنیفکردنی ڕەگەزی چێژ و خەیاڵ"(سەعید،٢٠٠٩: ٢٥). بۆیە دەگوترێ گێڕانەوە دەقێکە کە حیکایەتێك دەخاتەڕوو و گێڕەرەوەیەکی هەیە.

## ٢-١ گێڕانەوەسازی:

هەرچی گێڕانەوەسازییە، کە ئەمەش کار و ڕەوتی پرۆسەی لێکۆڵینەوەی بواری گێڕانەوەیە، کە بەزمانی ئینگلیزی زاراوەی "Narrataligy" پێدەگوترێ زانستێکی تازەیە و لەبارەی هەموو جۆر و شێوە جیاجیاکانی گێڕانەوە دەکۆڵێتەوە،"بۆ یەکەمین جاریش تۆدۆرۆڤ ئەم دەستەواژەیەی بەکارهێناوە لەلێکۆڵینەوەیەکدا بەناونیشانی (لێکۆڵینەوە لە حیکایەت) مەبەستی لە بەکارهێنانی ئەم دەستەواژەیەش، نەك بە تەنها بۆ لێکۆڵینەوە لە چیرۆك و ڕۆمان بەڵکو مەبەستی لە لێکۆڵینەوە لەهەموو جۆر و ژانرەکانی دیکەی گێڕانەوەی، وەك: ئەفسانە و فیلم و نمایش... بوو"(فاضلی،١٣٨٩: ١٠) لەگەڵ ئەوەشدا بەرلە تۆدۆرۆڤ بەشێوەیەکی سادە و ساکار ڕەگ و ڕیشەی ئەم بوارە لای یۆنانییە کۆنەکان بەدیدەکرێت، لەم بارەوە "ئەفلاتوون" لە کتێبی "کۆمار"دا لەبارەی گێڕانەوە دەڵێت: "هەموو گێڕانەوەیەك لەدوو بەش پێکدێت: گوتەکان و بەشە جیاوازەکانی نێو گوتەکان"، ئەرستۆش، کەوەك قوتابی ئەو سەیردەکرێ لەم بارەوە گێڕانەوە بە "پەیوەندی نێوان پیشاندانی چارەنووسێك لەڕێگەی گێڕانەوە و دوبارە گێڕانەوەی هەمان چارەنووس لەڕێگەی کەسایەتییەکانەوە، دادەنرێت"(شکری،١٣٩٥: ١١٩).کەواتە گێڕانەوەسازی "بریتییە لەوردبوونەوە لە فەلسەفەی حەقیقەت، پەیوەندی نێوان حیکایەت و گێڕانەوە ڕووندەکاتەوە"(مارتین،١٣٨٩: ١٤٢) دواتر وردە وردە بۆچوون و تیۆرەکان لەم مەیدانەدا دەردەکەون، کە بەسەر سێ قۆناغ و دەستەی جیاوازدا دابەشدەبن، لەوانە ڕۆڵی "فۆرمالیستە ڕووسییەکان" و "بوونیادگەرەکان" و "دوای بۆنیادگەری"یە.

قۆناغی یەکەم/فۆرمالیستە ڕووسییەکان: (١٩١٤-١٩٦٠) کە بەلێکۆڵینەوەکانی "بۆریس تۆماشفسکی" لەبواری گێڕانەوەدا دەستپێدەکات. فۆرمالیستەکان، گێڕانەوە بۆ دوو ئاست دابەشدەکەن، سیوژە "syuzhet" و فبیوڵا "fabula". بەلای ئەوانەوە سوژە خودی مادە خامەکەیە، کەلەبەر دەستی نوسەردایە و فبیولا، گێڕانەوەی ئەم مادە خامەیە(بشیری،١٣٩٣: ٨٧). ئەمەش بەسەرچاوەی جیاوازی نێوان حیکایەت و گێڕانەوە لەلایەن فۆرمالیستەکانەوە دانراوە.

قۆناغی دووەم/بونیادگەرەکان (١٩٦٠-١٩٨٠): کە پێکهاتوون لە "تۆدۆرۆڤ" و "کلۆبرمن" و " ڕۆلان بارت" ... .تۆدۆرۆف باوەڕی وابوو کە گۆڕانی بارودۆخ یەکێکە لەبنەما بنچینەییەکانی گێڕانەوە؛ چونکە بەگۆڕانی ڕوداوێك، ڕوداوێکی دیکە سەرهەڵدەدات و حیکایەت درێژەدەکێشێ و بەردەوام دەبێت(مکاریك،١٣٨٥: ١٤٩-١٥٠)، هەمان دوو ئاستی سیوزە و فبیۆلا کە لەلای فۆرمالیستەکان ئاماژەی پێکرا لەلای بۆنیادگەرەکان بەئاستی "حیکایەت" و "گێڕانەوە" ناوبراوە، کە دەڵێن: "حیکایەت خۆی لەکۆمەڵێك ڕوداو دەبینێتەوە کە گێڕەرەوە هەوڵدەدات پێشهاتەکەی بەخوێنەر بگەیەنێت"(بشیری،١٣٩٣:٨٧).

قۆناغی سێیەم/ دوای بونیادگەری دەگرێتەوە، سەردەستەی ئەم قۆناغە "جیرار جنێت"ە. جنێت لەکتێبی "گوتاری گێڕانەوەNarrative Discourse"دا گێڕانەوە بۆسەر سێ ئاستی جیاواز دابەشدەکات، ئەو جیاوازیانەی کە فۆرمالیستە ڕووسەکان لەنێوان حیکایەت و گێڕانەوە دایاننابوو؛ ئەم تیۆرەی جنێت کامڵتری دەکات، لەڕێگەی ئەم سێ ئاستەوە، کە ئەمانەن: "حیکایەت Histoire" بە بۆچوونی جنێت

حیکایەت: بریتییە لەهەموو ئەو مادە خامانەی کەهێشتا نەهاتوونەتە سەر زمان، زنجیرە ڕوداوەکان لەوێدا ڕوودەدەن و دەتوانرێت ئەوان لەدەقەکەدا جێبکرێنەوە. "دەقی گێڕانەوە Recit هەر ئەو شتەیە کە لەبەر دەستمانە و بەشێوەیەکی وتراو، یا نووسراو کە گواستنەوەی ڕوداوەکانی لە ئەستۆدایە و پەیوەست نییە بەڕێزبەند و زنجیرەی کاتەوە(گریان،۱۳۹۱: ۷). هەرچی "گێڕانەوەگەرایی Narration" جنێت ئەم زاراوەیە بە داهێنانی کرداری گێڕانەوە دادەنێت. گێڕانەوەگەرایی "ئاماژە بە چۆنیەتی نووسین و گێڕانەوەی لەناو دەقدا دەکات. پرۆسەی نووسین کە گێڕانەوەگەرایی مەبەست لەوە، چەندین پێکهاتەو ڕێخۆشکەرێکی گێڕانەوەی هەیە، کەگشتیان بۆ بنیادی گێڕانەوە هاوکاری دەکەن"(شهبان،۱۳۹٦: ۳۲). لەنێوان ئەم سێ ئاستەی گێڕانەوەدا کە جنێت دایناون، تەنها دەقە کە ڕاستگۆیانە دەکەوێتە بەر دیدی خوێنەر. خوێنەر لە نێو دڵی دەق حیکایەت (ئامانجی حیکایەت) پەی پێدەبات و گێڕانەوەگەرایی (پرۆسەی داهێنانی حیکایەت)کە زانیارییەکان بەدەست دەهێنێت. لەلایەکی دیکەشەوە دەقی گێڕانەوە لەڕێگەی ئەم دوو ئاستەوە دەناسرێ: ئەگەر دەقی گێڕانەوەکە حیکایەت نەگوازێتەوە، ئیتر گێڕانەوە رووندادات و ئەگەر گێڕانەوەش نەچێتە بواری نووسینەوە، ئیتر دەق لەدایك نابێت(کنان،۱۳۸۷: ۱۲-۱۳). جنێت لەکاتی لێکۆڵینەوە بە تایبەت لە ئاستی حیکایەت و گێڕانەوەدا، جەخت لەکات دەکاتەوە وەك ڕەگەزێکی سەرەکی گێڕانەوە سەیری دەکات بۆ جیاکردنەوەی هەردوو ئاستەکە.

## ۱-۳ کاتی گێڕانەوە:

لێکۆڵینەوە لەچەمکی کات لەبواری گێڕانەوەسازیدا یەکێکە لە تازەترین ئەو لێکۆڵینەوانەی کە سەرنجی بەشێکی زۆری لێکۆڵەرانی گێڕانەوەسازی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە، لەوانە تۆماشفسکی Tomashevski، پۆل ریکۆر Poul Ricoeur، ڕیمۆن کنان Rimmon Kenan، تیزڤیتان تۆدۆرۆڤ Tezvetan Todorov... . تۆدۆرۆڤ، یەکەمین لێکۆڵەری ئەم بوارەبوو کە جیاوازی لەنێوان کاتی حیکایەت و کاتی گێڕانەوەدا کردووە؛ ئەم جیاوازیەش لەنێوان زنجیرەی ڕوداوەکان و زنجیرەی کاتی گێڕانەوەیاندا ئاشکرایە(تازەکند،۱۳۹٦: ۱٦٦). بەمەش تۆدۆرۆڤ لەڕیزی پێشەوەی هەموو ئەو لێکۆڵەرەوانەوە دێ کە لەم بارەوە دواون. بەڵام لەمەش گرنگتر لێکۆڵینەوەکەی جیرارد جینێت Gerard Genette بە ناونیشانی گوتاری گێڕانەوە Narrative Diecourse کە بەیەکێك لەگرنگترین ئەو هەوڵانە دادەنرێت لەبواری گێڕانەوەدا، تەنانەت بەلای زۆرێك لە ڕەخنەگران و تیۆرزانان ئەم لێکۆڵینەوەی جینێت بە کامڵترین لێکۆڵینەوەی ئەم بوارە سەیردەکرێ. جینێت پێیوایە کە ئاستی گێڕانەوە لەسایەی تێکشکاندنی زنجیرەی کاتەوەیە کە لەئاستی حیکایەت جیادەکرێتەوە. ئەم زنجیرەی کاتە لەگێڕانەوەدا بە دوو جۆر دەردەکەوێت، جۆری یەکەم: کاتی حیکایەت، هەمان کاتی بەردەوامی ژیانی ئادەمیزادە کەبە) کاتی ڕۆژمێری Chronological)یشی پێدەوترێت، کە لێوان لێوە لەڕوداو کە بەشێوەیەکی زنجیرەیی بەدوای یەکدادێن. کاتی دەرەوەی دەقیشی پێدەگوترێ. جۆری دووەم: کاتی گێڕانەوەیە کە لەبەرامبەر کاتی واقعی دایدەنێت کە بەکاتی گێڕانەوە یاخود (کاتی دەروونی) ناوی دەبات(بهنام فر،۱۳۹۳: ۱۲۷). "جینێت ئەم کاتە بە(هاوشێوەی کات) دەزانێ. ئەو بەسودوەرگرتن لە بەهرەی زمانناس (دیسۆسێر) کاتی حیکایەت بەکاتی (مەدلول) و کاتی گێڕانەوەش بەکاتی (دال) دادەنێ"(طاهری-پیغمبرزاده،۱۳۸۸: ۳۰). جینێت هەر بەوەش ناوەستێ ئەو باوەڕی وایە ئەوەی هۆکاری سەرنجڕاکێشانی دەقێکی گێڕانەوەیە چەند جارەی دوبارەبوونەوەی کاتە بەسەر ڕوداوەکاندا. ئەو حیکایەت بەزنجیرەیەك لە ڕوداو دەزانێ کە لەڕێگەی گێڕەرەوەوە دەگەیەنرێ بە خوێنەر و گێڕانەوەش بەشێکردنەوەی حیکایەت دەزانێ کە بەزمانی دەربڕین، یاخود نووسین بەچنینێکی تایبەت دەڕازێنرێتەوە.... ڕێچکەی ڕاستەقینەی کات تێکدەشکێنێ و لەسیستەمی دوبارەبوونەوەی ڕوداوەکان گۆڕانکاری دێنێتە ئاراوە(بهنام فر،۱۳۹۳: ۱۲۷).

جینێت لەکتێبی (گوتاری گێڕانەوە)دا بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی و ڕوگەی نێوان ئەم دوو کاتە (حیکایەت-گێڕانەوە) سێ تەکنیك دەخاتە بەرباس. بەشێوەیەکی گشتی ئەو پێی وایە نوسەران بۆگێڕانەوەی حیکایەت دەتوانن لەسێ ڕووەوە گۆڕانکاری بەدی بێنن. ئەمانیش: ڕێکخستن و ڕێزبەندی، بڕی ماوەی کات، دوبارەبوونەوەی ڕوداوەکان.(Genette,۲۱۵,۱۹۹۷). ئەم سێ تەکنیکەش لەنێوان هەردوو ئاستی حیکایەت

و گێڕانەوەدا چەکێکە لەدەسەڵاتی نوسەری دەقدایە و بەئارەزووی خۆی یارییان پێدەکات و تێکیان دەشکێنێ، کە مەبەست لەڕێکخستن و ڕێزبەندی خستنەڕووی زنجیرەی بەردەوامی کاتی ڕوداوەکانە لەحیکایەتدا کە دەشێ لەگێڕانەوەدا هاوکات بن، زۆرجاریش دەشێ دواکەوێت "ڕابردوو" یا پێشکەوێت "داهاتوو". هەرچی بڕی ماوەیە مەبەست لێی ئەوەیە، کە ڕوداوێك لەحیکایەتدا ڕوودەدات بەبەراورد بەو ماوەیەی لە ڕۆمانێکدا دەگێڕدرێتەوە کە زۆرجار نوسەر دەشێ ئەو ڕوداوەی لەساڵێکدا ڕوویداوە لەچەند خوولەکێك یا بەئاماژەکردن بە دەقیقە یا ساڵ ....دەربڕێت، ئەمەش تەکنیکێکە لەدەسەڵاتی نوسەردا لەڕێگەی وشە و زمانەوە ئەنجامی دەدات. بەڵام دوبارەبوونەوە کە مەبەست لێی چەند جارەی دوبارەبوونەوەی ڕوداوەکانە، جینێت ئەم تەکنیکە بۆ دەستنیشانکردنی پەیوەندی و هاوسەنگی نێوان دوبارەبوونەوەی ڕوداوێك لەجیهانی حیکایەت و چەند جارەی دوبارەبوونەوەی لەجیهانی گێڕانەوەدا دادەنێ(علیزاده-فرید،١٣٩٥: ٢٦٠). لێرەدا هەر سێ تەکنیکەکە بەڕوونی دەخەینە ڕوو و لەگەڵ ڕەوتی کارکردنیان بەسەر ڕۆمانی ((هوتێل ئەوروپا))ی ((فەرهاد پیرباڵ))دا.

## بەشی دووەم: کاتی حیکایەت و گێڕانەوە لە ڕۆمانی هوتێل ئەوروپادا:

١-٢ کات لەڕووی سیستەمی ڕێکخستنەوە: حیکایەت خستنەڕووی کۆمەڵێك ڕوداوە کە پێشتر ڕوویانداوە و پەیوەستن بەزنجیرەی کاتەوە، ناتوانن لەو زنجیرەیە دەربچن؛ بەڵام لەپرۆسەی گێڕانەوەیدا ئەو ڕوداوانە کاتێ دەگێڕدرێنەوە مەرج نییە نوسەر لەگێڕانەوەیدا ئەم یاسای زنجیرەی کاتە پەیڕەوبکات. لەم ڕوانگەوە جینێت بۆ دەستنیشانکردنی ئەم جیاوازییە، لەڕێگەی تەکنیکی ڕێزبەندی و ڕێکخستنەوە "لەپەیوەندی نێوان بەدوایەکداهاتنی ڕوداوەکانی حیکایەت لەگەڵ بەدوایەکداهاتنی گێڕانەوەی ڕوداوەکان لەدەق دەکۆڵێتەوە. ڕیزبەندی ڕوداوەکان لەگێڕانەوەدا دەکرێ لەگەڵ ڕێزبەندی ڕوداوەکان لەحیکایەتدا هاوکاتبن، یانیش دەکرێ لەڕێگەی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو و پێشبینی بۆ داهاتوو لەڕێڕەوی کات لابدات"(یعقوبی،٢٩٢،١٣٩١). کەواتە مەرج نییە ڕیزبەندی دەرکەوتنی ڕوداوەکانی حیکایەت و ڕوداوەکانی نێودەق گێڕانەوە لەسەر یەك هێڵی هاوتەریب بن و هەمان ڕیزبەندی بەدوایەکداهتنیان هەبێ. بۆیە جینێت "هەرجۆرە ناهەماهەنگی و لادانێك لەڕیزبەندی و خستنەڕووی گێڕانەوەی ڕوداوەکان لەدەق و ڕیزبەندی دەرکەوتنی ڕوداوەکان لەحیکایەت بە "تێکشکاندنی کات" یاخود تێکدانی کات Anachronies ناودەبات؛ ئەم تێکشکاندنەش گێڕانەوەی پارچەیەك لەدەق کە زووتر یا درەنگتر لەکاتی سروشتی و لۆژیکی بەدوایەکداهاتنی ڕوداوەکانە" (تولان،١٣٨٣: ٥٥-٥٦) ئەمەش لەوەوە سەرچاوەدەگرێت، کە کاتی حیکایەت و دەرکەوتنی ڕوداوەکانی هەمیشە بەرلە گێڕانەوەیانن و بەپێی ئەو زنجیرەی کاتەوە دەچن بەڕێوە کە لەسروشتدا بەزنجیرە ڕوودەدەن؛ بەڵام لە گێڕانەوەیاندا "زۆرجار گێڕەرەوە لەئێستای گێڕانەوەدا دەستپێدەکات و لەجیاتی ئەوەی بەرەوە داهاتوو بڕوات، دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو، دواتر بازدەدات بۆ داهاتوو و دوبارە دەگەڕێتەوە بۆ خاڵی دەسپێکردنی گێڕانەوە"(سەعید،٢٠٠٩: ٩٦).

دەتوانین بڵێین ژیانی هەمووومان لەخودی خۆیدا حیکایەتێکە، بەڵام هەر یەکەمان بەجۆرێك دەیگێڕینەوە، یەکێك لە منداڵییەوە هەنگاو بە هەنگاو دەستپێدەکات تاکۆتایی و پیربوون بەپێی زنجیرەی کات و بەدوایەکداهاتنی ڕوداوەکانی ژیانی. یەکێ لە گەنجیەوە دەست بەگێڕانەوە دەکات و لەپڕێك دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی منداڵیی و هەندێك جاریش لهێستای پیری خۆی دەدوێ. هەر ئەم تێکشکاندنی ڕیزبەندییەیە لەکات و ڕوداوەکان، کە چێژ و جوانی دەبەخشێ بە پرۆسەی ئەفراندنی ژانری گێڕانەوە.

جینێت پێیوایە تیکشکاندنی کاتیش "لەڕێگەی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو و پێشبینی لەگێڕانەوەی ئەو ڕوداوانەی کە لەداهاتوودا ڕوودەدەن. تێکدەشکێنرێن"(قاسم زادە،١٣٩٣: ١٥٠) کە لێرەدا دەیانخەینەڕوو:

### ١-١-٢ گەڕاندنەوە: Analeps

پرۆسەیەیەکی گێڕانەوەیە، کە تیایدا گێڕەرەوە لەڕێڕەوی گێرانەوەکەیدا دەوەستێت و ڕوداوێك دەگەڕێنێتەوە بۆ ئێستای گێڕانەوە کە پێشتر ڕوویداوە"(سەعید،٢٠٠٩: ٩٧). واتە گەڕانەوەیە بۆ ڕوداوێك کە لەزنجیرەی بەدوای یەکداهاتنی لەحیکایەتدا تێپەڕیوە؛ بەڵام گێڕەرەوە

بەمەبەست جارێکی دیکە دەیگەڕێنێتەوە کاتی ئێستای گێڕانەوە، ئەمەش سێ تەکنیکە لەتەکنیکێکدا:

١-گەڕاندنەوەی دەرەکی: ئەم تەکنیکە بەو واتایە دێت "کە گێڕانەوە بۆ خاڵێکی ناو حیکایەتی بەر لە سەرەتای گێڕانەوە دەگەڕێتەوە"(لوتە،١٣٨٦: ٧٣). واتە گێڕەرەوە بۆ رووداوێك دەگەڕێتەوە کە پێش دەسپێکی ڕوداوی بنچینەییە؛ لەبەرئەوەی پێویستی وا دەخوازێ چەند هەنگاوێك بگەڕێتەوە دوا بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی و پیشاندانی ڕوداوەکانی نێو دەقەکەی.

لەڕۆمانی هوتێل ئەوروپادا ئەم جۆرەی تەکنیکی گێڕانەوە زۆر بەدیدەکرێت، بەوەی کە نوسەر هەوڵدەدات لەبارەی کەسایەتییەکانی نێو دەقەکەی بدوێ بەمەش زۆرجار ناچاردەبێت بگەڕێتەوە بۆ بەر لەدەسپێکی ڕۆمانەکە، بۆنمونە لەو کاتەیدا کەلەبارەی بێکەسی میسیۆ لووسیانای جوولەکەوە دەدوێ، کە چۆن کەس و کارەکەی لەجەنگی جیهانی دووەمدا لەدەست داوە و تەنها خۆی و دایکی ماونەتەوە، بۆ ڕوونکردنەوەی دۆخی ئەم کەسایەتییەی نێو ڕۆمانەکەی ناچاردەبێت بگەڕێتەوە بۆ بەرلە دەسپێکی ڕوداوەکانی نێو ڕۆمانەکەی، بەمەش کاتی ڕۆمانەکە ساڵانی هەشتاکانە، کەهێشتا جەنگی نەگریسی عێراق و ئێران تەواو نەبووە؛ بەڵام نوسەر پەنجا ساڵێك دەگەڕێتەوە بەرلە دەسپێك.))مسیۆ لووسیانا، تەنیا خۆی و دایکی لە ناو بنەماڵە جوولەکە بە ئەسڵ پورتوگالییەکەیاندا مابوونەوە. دوو مامی و خاڵێکی، هەروەها برایەك و خوشکێکی لەخۆ گەورەتریشی.. هەموویان..لە ئاخرین ساڵی شەڕی جیهانیی دووەمدا، بە دەستی نازییەکان-بە تاوانی جوولەکەبوونیان-قەتڵوعام و بێ سەروشوێن کرابوون. باوکی لووسیانا تەمەنی پەنجا ساڵ دەبێ، دایکیشی چل ساڵ، کاتێ لووسیانای تاقانە کوڕیان لەدایك دەبێ.((پیربال،٢٠١٠: ٩٦)

یانیش نوسەر باسی ئەو کاتەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە بەگەشتێك لەفەرەنساوە دەچێت بۆ ئیتاڵیا، لە ڤینیز کەل و پەل و پارەکانی لێدەدزن و دەڕوات بۆ بنکەی پۆلیس لەوێدا کەسێك بەهانایەوە دێت، کە لەخانەدانانی بنەماڵەی فیراریبوو لە ئیتاڵیا کە لەکاتی خۆیدا بەئەرکێك هاتۆتە کوردستان ماوەیەك لەشاری دهۆك سەرقاڵی کاری ئەندازیاری بووە، بەمەش نوسەر بەگێڕانەوەی ئەم ڕوداوە لەسەر زاری ئەندازیارە ئیتاڵییەکەوە دەگەڕێتەوە بۆ بەرلە دەسپێکی ڕوداوەکانی نێو ڕۆمانەکە: ((-کاتی خۆی، لە سەرەتای ساڵانی حەفتا، من ئەندازیار بووم، هاتمە کوردستان، لە ناوچەکانی دهۆك پرۆژەیەکی ئەندازیاریمان هەبوو. نۆ مانگ لە کوردستان، لە ناوچەکانی دەوروبەری دهۆك کارم کردووە.)) (ل٤٤)

ئەم تەکنیکەش جۆرێکە لە جۆرەکانی گەڕانەوە کە جینێت لەلێکۆڵینەوەکەیدا بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان کاتی گێڕانەوە و کاتی حیکایەت ئاماژەی پێداوە.

٢-گەڕاندنەوەی ناوەکی: ئەمەیان لەگەڵ گەڕانەوەی دەرەکیدا لەمەدا جیاوازە کە "دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردویەکی پەیوەست بە سەرەتای ڕۆمانەکە و کەچی باسکردنی لەدەقەکەدا دواکەوتووە" (سەعید،٢٠٠٩: ٩٧). واتە نوسەر زۆرجار لەنێو ڕۆمانەکەیدا ڕوداوێکمان بۆ دەگێڕێتەوە کە دەبوو پێشتر باسی بکردایە؛ کەچی بەسەریدا تێدەپەڕێت و لەهەنگاوەکانی دواتردا جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە بۆ گێڕانەوەی ئەم ڕوداوەی کە پێشتر بەسەریدا تێپەڕیوە.

لە ڕۆمانی هوتێل ئەوروپادا نوسەر زەمەنێکی دیاری کراومان بۆ دەگێڕێتەوە کە لەئەوروپادا پەناهەندەبووە و لەوێدا چەند کەسێکی ناسیوە و لە بارەی ژیانی خۆی و ئەوانەوە دەدوێ، لەگێڕانەوەدا دەسپێکێکی هەیە، کە پەیوەستە بەسەرەتاکانی ژیانی لە فەرەنسا کە محەمەدی حاجی زادەی ناسیوە و دواتر ماوەیەکی زۆر بەسەر گێڕانەوەی ڕوداوەکان تێدەپەڕێت لەناکاو وادەخوازێت بۆ دووساڵ پێشتر بگەڕێتەوە، کە بەشێکە لەو زەمەنەی کە ڕوداوەکانی نێو ڕۆمانەکەی لەخۆگرتووە. کاتێك باسی گەشتەکەی خۆی دەکات بۆ ڤینیز، تیایدا لەڕێگەی دەستەواژەی کاتەوە (هاوینی ساڵی پێراربوو) ئاماژە بەو ڕوداوە دەکات کە بەشێکە لە دەسپێکی ڕوداوەکان کەچی بەسەریدا بازدەدات و جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕوداوەی کە دەبوو پێشتر باسکرابا. ((هاوینی ساڵی پێراربوو، جانتایەکم بە شانی خۆمدا دا و لە پاریسەوە بەسواری شەمەندەفەر چووم بۆ ڤینیز. لەناو شەمەندەفەرخانەی ڤینیز، سپێدەیەکی تاریك و ڕوون بوو کاتێ گەیشتم...))(ل٣٩) یاخود لەو کاتەیدا کە لەگەڵ محەمەدی حاجی زادە و مورتەزا و فەرحنازدا لەبارەی دۆخی نالەباری ئێران و عێراق دەدوێن، فەرهاد کە خۆی هەم نوسەر و

هەمیش وێنای کەسایەتییەکی نێو ڕۆمانەکەیە، بە گێڕانەوەی ڕوداوێکی دوای دەسپێکی ڕۆمانەکە جۆرێك لە گەڕانەوەی ناوەکی دێنێتەوە بەر باس، کاتێ دەڵێت: ((- من ڕۆژێك لە مەجلیسێکی فەرەنسیدا دانیشتبووم، لەناو ئەواندا نەژادپەرستێکی سەر بە حیزبی (ژان ماری لۆ پێن) یش دانیشتبوو، لە وەڵامی نیگارکێشێکی عەرەبی عێراقیدا گوتی: - ئێوە خۆتان بەرپرسن لەو هەموو ئەو ئەشکەنجەیەی بەدەست سەدامەوە دیوتانە.))(ل٥٩) ئەم ڕوداوەی کە فەرهاد دەیوروژێنێت بەشێکە لەو ڕوداوانەی کەلەماوەی ژیانی فەرهاددا ڕویانداوە کە لەپاریسبووە، واتە دوای دەسپێکە بەڵام گێڕەرەوە بەسەریدا تێپەڕیوە. یانیش هەر لەسەرزاری فەرهادەوە لەبارەی ژیانی محەمەدی مەلازادەوە ڕووداوێکمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە پەیوەستە بەدەسپێك و لەچوارچێوەی ماوەی ڕوودای ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکەیە، دەڵێت: ((پێشتریش، لە شاری لیل، کە بە میترۆ سەعات و نیوێك لە پاریس دووربوو، لە ڕێستۆرانێکی کوردەکان بە ناوی (پۆل) لەوێش هەر قاپشۆر بوو. هەر لەناو ڕێستۆرانەکەشدا دەنوست..))(ل٦). لێرەشدا نووسەر باسی ڕوداوێك دەگێڕیتەوە کە پێشتر ڕوویداوە، بەڵام کاتی ڕووداوەکە دەگەڕێتەوە بۆ دوای دەسپێکی ڕۆمانەکەوە، کە نووسەر بەسەریدا تێپەڕیوە و جارێکی دیکە بۆی دەگەڕێتەوە. ئەمەش وەك نموونەیەکی زیندووی نێو ئەو ڕۆمانە لە گێڕانەوەی ناوەکییدا دەبینرێت.

٣-گەڕانەوەی تێکەڵ: بەشێك لە تیۆردانەران لەگەڵ گێڕانەوەی دەرەکی و ناوەکیدا ئاماژە بە جۆرێکی دیکە لە گەڕانەوە دەکەن بە "گەڕانەوەی تێکەڵ" ناوی دەبەن. ئەم جۆرە گەڕانەوەیەش بە ڕواڵەت دەرەکییە؛ بەڵام دواتر بە گێڕانەوەی بنچینەییەوە پەیوەست دەبێتەوە، واتا کاتێك دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردووی بەرلە دەسپێك گەڕاندنەوەی دەرەکییە، بەڵام لەقۆناغی دواتر بۆ سەرەتای حیکایەت دەگەڕێتەوە لەوکاتەدا بە گەڕاندنەوەی ((تێکەڵ)) ناودەبرێ(کنان،١٣٨٧: ٦٧). ئەمە هەر دوو جۆرەکەی گەڕاندنەوەیە لەیەك گێڕانەوەدا.

ئەم جۆرە گەڕانەوەیە لە ڕۆمانی هوتێل ئەوروپادا بەدی دەکرێت بەتایبەتیش لەوکاتەیدا کە نوسەر ئەو ساتەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە لە مۆنتماخت لە فەرەنسا لە شوێنی نیگارکێشە ئەرجەنتینی و چینی و یۆنانی و کوباییەکاندا لەجێگەی یەکێك لەهاوڕێکانیدا سەرقاڵی وێنەکێشانی پیاوێکی جەنتڵمەنی سعودی دەبێت کە ڕوخساری لە ئیمامی عەلی دەچێت؛ بەمەش نوسەر دەگەڕێتەوە بۆ تەمەنی منداڵی خۆی کە وێنای ئیمامی عەلی لەزۆرێك لەناو خانەوادە کوردییەکاندا هەڵواسرابوو، ئەمەش دەبێت بە بەشێك لەو ڕوداوانەی کە بەرلە دەسپێکی ڕۆمانەکە ڕوویانداوە، کەچی نوسەر لەپڕێك دەگەڕێتەوە بۆ ڕوداوی سەرەتای ناسینی محەمەدی حاجی زادە کە چۆن بۆیەکەمین جار چاوی پێی کەوتووە؛ کە ئەمیش ڕوداوێکە لەگەڵ دەسپێکی ڕۆمانەکەدا ڕوویداوە. لەسەر زاری فەرهاد: ((ئادگاری ئەو پرۆفیسۆرە سعوودییە لە ئیمامی عەلی دەچوو، ئەو ئیمامی عەلییەی کە من لە زەمانی منداڵیمدا بەسەر دیواری ماڵ و چایخانەکانەوە دیبووم و وێنەکەی لە خەیاڵمدا مابوو: ڕیشن، چاو و برۆ ڕەش، دەموچاوێکی گەش، قڵنجێك بەدەستیەوە، چوارمەشقی .. شێرێك لەبەردەمی وەرکەوتبوو.

لەو دەمەی خەریکی وێنەکێشانی ئەو پرۆفیسۆرە عارەبە سعوودییە بووم کە لە ئیمامی عەلی دەچوو، دەنگێکی فارسی لەپشت سەرمەوە بە ئەسپایی گوتی: -چ جالب!

کاتێ ئاورم دایەوە و چاوم بە ڕوخسارەکە کەوت(سەرەڕای زمانە فارسییەکە) وام زانی خاوەنی ئەو دەنگ و ڕوخسارە مسیۆ لووسیانای خاوەن هوتێلەکەمە ))(ل٥١)، کە دەکرێ وەك تاکە نمونەی گەڕانەوە لەم ڕۆمانەدا سەیربکرێ، لەبەرئەوەی لەوکاتەدا کە دەگەڕێتەوە یادی منداڵی گەڕانەوەیەکی دەرەکییە و بەشێك نییە لە ڕوداوە بنچینەیەکەی ڕۆمانەکە؛ بەڵام کاتێ دێتەوە سەر باسی ناسینی حاجی زادە لێرەدا گەڕانەوەیەکی ناوەکییە، کە دەبوو گێڕەرەوە پێشتر بیگێڕابواوە، چونکە بەشێك بووە لە ڕوداوەکانی دوای دەسپێك.

## ٢-١-٢ پێشکەوتن:

ئەمەش تەکنیکێکی دیکەیە، کە جینێت لەپاڵ گەڕاندنەوەدا پشتی پێدەبەستێت لەگێڕانەوەی ڕوداوەکاندا. کە "بریتییە لە پێشخستنی ڕوداوی داهاتوو ئەوانەی بە دڵنیاییەوە لەدووتوێی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا ڕوودەدەن"(الکساسبة،٢٠٠٦:١٢٨). بۆیە ئەم تەکنیکە بەپێشبینی ڕوداوەکانی داهاتو لای خوێنەر سەیرەکرێت. هەر ئەم پێشبینیکردنەیە زۆرجار سەرنجی خوێنەر تاکۆتایی دەقەکە ڕادەکێشێ. کە دەکرێت بە دوو بەشەوە:

١-پێشبینیکردنی ئەو ڕوداوانەی کە دێنەدی: مەبەست لێی ئەوەیە کە گێڕەرەوە زۆرجار لەکاتی ئێستای گێڕانەوەدا لە زنجیرەی کاتی ڕوداوەکان دەوەستێ و باس لە ڕوداوێك دەکات کە لەداهاتوودا ڕوودەدات و دەکەوێتە بەر دیدی خوێنەر. نموونەی ئەم جۆرە تەکنیکە لەڕۆمانی هوتێل ئەوروپادا چەند جارێك دەکەوێتە بەردیدی خوێنەر، بۆنمونە لەو جێگەیەی کە مسیۆ لووسیانا باسی تاقانەی خۆی و دایکی دەکات کە تاکە خوێنی بنەماڵەکەیانن کە لەدوای جەنگی جیهانی دووەمدا بەهۆی کۆمەلکوژیەکانی هۆلۆکۆستەوە تەواوی خانەوادەکەیان لە ناوبراون، لەو کاتەدا مسیۆ لووسیانا لەگێڕانەوە دەوەستێ و پێش ڕوداوەکان دەکەوێ، ئاماژە بەوە دەکات کەدوای مردنی دایکی ئەو تاکە کەسێکە لەو خانەوادەیە دەمێنێتەوە: ((ئینجا لە ناکاو سەری هەڵبڕی و تەماشای کرد:

-دایکم، تەمەنی درێژ دەبێ ئینشاڵڵا.

گوتم: ئینشاڵڵا.

زانیم مسیۆ لووسیانا کەمێك مەستە.

پەرداخەکانمان  لەیەکتر دا.

لێوانەکەی دانایەوە.

-لە دووای دایکم، من ئاخرین کەسی بنەماڵەکەمان دەمێنمەوە.)) (ل١٤٦). بێگومان ئەمەش جۆرێکی پێشکەوتنە کە تیایدا گێڕەرەوە باس لە ڕوداوێك دەکات کە ئێستا ڕووینەداوە، بەڵام لەهەنگاوەکانی دواتردا دێتەدی، لەو پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەی محەمەدی حاجی زادە بۆ فەرهاد لەپاریسەوە پێشبینیەکەی دێتەدی: ((هێشتا دوو هەفتە هەڵنەسووڕابووەوە، شەوێکی درەنگ، محەمەدی حاجی زادە تەلەفونێکی بۆ کردم بۆ ماڵەوە:

- ئاغای فەرهاد.. دایکی مسیۆ لووسیانا. ئەمرۆ بەیانی کۆچی دوایی کردووە. بۆ ئاگاداریت!))  (ل١٦٧). بۆیە بە مردنی دایکی مسیۆ لووسیانا، ئەو وەك تاقە کەسی خانەوادەکەیان دەمێنیتەوە. یاخود وا دادەنێت ڕوداوێك لەداهاتوودا بێتەپێشەوە، ئەم جۆرە تەکنیکە لەڕۆمانی هوتێل ئەوروپادا بەزەق هەستی پێدەکرێت بەتایبەتی لەوکاتەیدا کە فەرهاد باسی ناسینی خۆیی و محەمەدی حاجی زادەمان بۆ دەکات، کە چۆن بۆتە هۆی گۆڕینی ژیانی ئەو، بەهۆی ئەوەوە ساقی گوڵچینی ناسیوە، لەپڕ دەوەستێت و چەند هەنگاوێك دەچێتە پێشەوە: ((بێنە پێش چاوت:

لە کافتریایەك دانیشتبیت بۆئەوەی قاوەیەك بخۆیتەوە و پاشان هەستیت بڕۆی؛ پیاوێك یان ژنێك لەو لاتەوە دانیشتووە و تۆ لەناکاو حەزدەکەی قسەیەك لەگەڵ ئەو کەسە بکەیت.. ئەگەر قسەکەت بکەیت و ئەو کەسە بناسیت؛ ئیتر ئەم ناسینە-هیچ دوورنییە-سەرتاسەری ژیانت بگۆڕێ!))(ل٣٨)، بێگومان پێشبینی کردنی ڕوواوێکی لەم جۆرە کە بەهۆیەوە کەسێك دێتە ژیانتەوە کاریگەری لەسەر ژیانت دەبێت کە لەڕوداوەکانی دواتری ئەم ڕۆمانەدا دێتەدی، وەك لەناسینی محەمەدی حاجی زادە و دەرکەوتنی ئەندازیارە ئیتاڵییەکە کە هەردووکیان دەبنە مایەی خێر و خۆشی بۆ فەرهاد کە کەسایەتی سەرەکی ڕۆمانەکەیە؛ ئەمەش پێشبینیکردنە لەهەنگاوەکانی دواتری ڕۆمانەکەدا دێتەدی.

٢-پێشبینیکردنی ئەو ڕوداوانەی کە نایەنەدی: ئەمە بەپێچەوانەی تەکنیکی پێشترە گێڕەرەوە پێشبینی بۆ ڕوداوێك دەکات لەداهاتوودا ڕوونادات. ژانری ڕۆمان ئەگەرچی گێڕانەوەی ئەو ڕوداوانەیە کە لەئاستی حیکایەتدا ڕوویانداوە، بەڵام زۆرجار نوسەر یاخود گێڕەرەوە لەگێڕانەوەدا دەوەستێت و پێش دەکەوێت و ئاستی گێڕانەوە جێدەهێڵێت ڕوداوێك لەبیر و هۆشی خۆیدا دروستدەکات، نوسەر لە گێڕانەوەی ڕوداوەکاندا لەنێو ڕۆماندا هەمیشە ناچارنییە درێژە بەگێڕانەوەکەی بدات زۆرجار لە زنجیرەی گێڕانەوەکان دەوەستێ، بۆیە زۆرجار پێش ڕوداوەکان دەکەوێ، ئەمەش بەڕوونی لەڕۆمانی هوتێل ئەوروپادا بەدی دەکرێت، لەگفتوگۆی نێوان فەرهاد و مسیۆدا لەسەر دەسنووسەکانی باپیرەگەورەی کە لەسەدەکانی پێشوو لە ئەسفەهان ژیاوە، مسیۆ لووسیانا ئاماژە بەوە دەکات: ((-ئەگەر بمتوانیبا بچم بۆ ئێران، بێگومان دەمتوانی ئەو کەنیشتە ناودارەی باپیرە گەورەمی خۆم لە ئەسفەهان بدۆزمەوە و بکەومە سەر پەیداکردنی (هیچ نەبێ برێك

لەو کتێب و بەڵگەنامە گرینگانە.)) (ل٩١) یانیش هەر لەزاری مسیۆ لووسیاناوە لەو نامەیەی کە بۆ فەرهادی دەنێرێت لە پاریسەوە بە تایبەت دوای مردنی دایکی، کە تیایدا ئاماژە بەوە دەکات : ((لەوانەیە بچم بۆ ئورشەلیم لەوێ؛ تێکەڵ بە خاك و خوێن و ڕەچەڵەکی خۆم ببمەوە))(ل١٧٥) لەهەر دوو پێشکەوتنەکەدا گێڕەرەوە باس لەڕوداوێك دەکات کە ڕەنگە لە داهاتوودا بێتەدی، بەڵام مسیۆ نە لەگەیشتن بە دەستنووسەکانی باپیرەگەورەی سەرکەوتوودەبێ و نە بە یەکجاریش لە ئورشەلیم نیشتەجێ دەبێت. بەڵکو لەکۆتایی ڕۆمانەکەدا لەزاری فەرهادەوە ئەوە ڕووندەکرێتەوە کە مسیۆ لووسیانا دوای ئەوەی ناسنامەی خۆی لەگەڵ محەمەدی حاجی زادە دەگۆڕێتەوە سەفەری وڵاتی ئێران دەگرێتەبەر و ئیتر بەیەکجاری بە ونی دەمێنێتەوە. ئەمەش پێشبینی ڕوداوێکی داهاتووە کە لەم ڕۆمانەدا نایەتەدی.

## ٢-٢ کات لە ڕووی ماوەوە:

ئەمەش دووەمین ئەرکی کاتە کە جینێت لەدوای ڕێکخستن و ڕیزبەندی کاتەوە لەبارەیەوە دواوە. کە مەبەست لێی ماوەی بڕی کاتە، کە لەپەیوەندی نێوان ڕوداوێك لەدونیای واقیعی کە درێژەی کێشاوە لەگەڵ ئەو بڕی ئەو ماوەیەدا کە لە دونیای گێڕانەوەدا هەیەتی(گریان،١٣٩١: ١١). یانیش دەگوترێت ئاماژەکردنە بە پەیوەندی نێوان بڕی ماوەی کاتی حیکایەت و بڕی ماوەی کاتی گێڕانەوە، بۆنمونە ڕوداوێك کە لەماوەیەکی زەمەنی دوور و درێژدا ڕوویداوە دەکرێ لە یەك ڕستەدا بگێڕدرێتەوە. یانیش گێڕەرەوە چەند لاپەڕەیەك بۆ ڕوداوێکی چەند خولەکی تەرخان بکات. بە بۆچوونی جینێت "ئەو پێوەرەی کە لە پەیوەندی نێوان بڕی ئەو ماوەیەی  لە حیکایەت کە بە خولەك و سەعات و ڕۆژ و مانگ و ساڵ دەپێورێت، لەگەڵ ماوەی خوێندنەوەی دەق کە بە دێڕ و وشە و ڕستە دەپێورێت، پەیوەستە بە بڕی ماوەی کاتەوە لە ڕووی سستی و خێراییەوە(کنان،١٣٨٧: ٧٣). یانیش زۆرجار بڕی ماوەی نێوان ئەم دوو ئاستە یەکسان دەبن کە بە ماوەی نەگۆڕ (Constant) دادەنرێت. ئەم ڕەوتی گێڕانەوەیەش لە ڕووی خێرایی و سستیی و نەگۆڕییەوە لەڕێگەی چەند تەکنیکێکەوە بەڕێوەدەچێت. لەڕۆمانی هوتێل ئەوروپادا، نوسەر وەك هەر نوسەرێکی دیکە لەڕۆمانەکەیدا لە ڕووی ڕەوتی گێڕانەوەوە، کەم و زیاد سودی لەهەر سێ ڕەوتەکە بینیوە، لەبەرئەوەی نوسەر بەشێکی زۆری ڕوداوەکانی لەڕێگەی گفتوگۆی نێوان کەسایەتییەکانی ڕۆمانەکەیەوە دەگێڕێتەوە ئەمەش گوزارشتە لەوەی کاتی ڕوداوەکانی حیکایەت و کاتی گێڕانەوەیان، تا ڕادەیەکی باش لەم ڕۆمانەدا لە ڕووی سستیی و خێراییەوە یەکسانە، یاخود نەگۆڕە. بەڵام زۆر جار وادەخوازێ گێڕانەوەکان خێرابکرێن بەوەی نوسەر پەنا بۆ کورتکردنەوە و لابردن دەبات، بەتایبەت لەو شتانەی کە بە پێویستی نازانێت باسیان بکات. هەندێك جار نوسەر گێڕانەوەی ڕوداوەکانی سستدەکاتەوە کە ئەمەیان لەپلەی سێیەمدایە، چونکە نوسەر لەگێڕانەوەدا کەمتر پڕژاوەتە سەر وەسف.

### ٢-٢-١ ڕەوتی گێڕانەوە لەڕووی ماوەی نەگۆڕییەوە: Constant

لێرەدا ماوەی ڕوودانی حیکایەت و خوێندنەوەی لەدەقدا یەکسانە "جینێت نمایش یاخود گفتگۆ بە تاکە ڕێگەی چارەسەری یەکسانبوونی ماوەی نێوان ئەم دوو کاتە دەزانێ"(بهنام فر،١٣٩٣: ١٣٨). کەواتە ئەم دوو ماوەیە کە خۆیان لە ماوەی ڕوداوی حیکایەت و ماوەی درێژی خوێندنەوە، کە پەیوەستە بە گێڕانەوەوە تەنها ئەو کاتە یەکسان دەبن کە گێرەرەوە لە گێڕانەوەدا دەپرژێتە سەر پیشاندانی قسە و گفتوگۆی کەسایەتییەکانی نێو ڕۆمانەکەی، لەبەرئەوەی "نمایش حالەتێکی گفتوگۆیە کە ماوەی ڕوداوەکانی حیکایەت و ماوەی گێڕانەوەی ڕوداوەکان بەرامبەر دەکات"(ژنیت،١٩٩٧: ١٠٨). لەم ڕێگەیەوە درێژە بەگێڕانەوە دەدات، بەمەش هەمان ئەو بڕەی بۆ گێڕانەوە و پیشاندانی گفتوگۆی کەسایەتییەکان پێویستە، هەمان بڕ و کاتیش بۆ خوێندنەوەی دەقەکەش پێویستە.

فەرهاد کە خۆی لە ڕۆمانەکەیدا هەم نوسەر و هەمیش کەسایەتی دیاری ڕۆمانەکەیە، هەر لەدەسپێکی گێڕانەوەکانیدا بە گفتوگۆیەکی چڕوپڕ دەستپێدەکات، ئەم گفتوگۆ درامییە هەر لەوێدا ناوەستێت، بەڵکو دەست بەسەر تەواوی ڕۆمانەکەدا دەگرێ. لەم ڕۆمانەدا نوسەر بەشێکی زۆری گێڕانەوەی ڕوداوەکان بە کەسایەتییەکانی نێو ڕۆمانەکەی دەسپێرێت، بەمەش پشتی بە گفتوگۆیەکی ڕاستەوخۆی

درامی بەستووە، تا لەم ڕێگەیەوە هەوڵبدات بەشێکی زۆری زانیاری و ڕوداوەکانی حیکایەتەکە بێنێتە دوونیای گێڕانەوە، بۆنموونە فەرهاد گێڕانەوەی ڕوداوی هەڵاتنی محەمەدی حاجی زادە و مانەوەی لە کەمپی شەمزنان لە تورکیا لەگەڵ (هومەیلای) کچە ئازەری هەڵاتووی دەستی ڕژێمی ئێران کە چۆن دوای حەوت مانگ مانەوەیەیان لەم کەمپەدا دواتر بەیەکەوەوە خەوتوون و بوون بە ژن و مێرد، لێرەدا نوسەر لەسەر زاری محەمەدی حاجی زادە ئەم ڕوداوەی کە لەو ماوەیەدا ڕوویداوە بەبێ کەم و زیاد لەپێنج پەڕدا هەموو باسدەکات لە لاپەرەکانی (١٥ تا ٢٠). نوسەر هەوڵیداوە ئەوەی لەحیکایەتدا ڕوویداوە لەماوەی حەوت مانگدا بە تەواوی وردەکارییەکانەوە بیگوێزێتەوە دونیای گێڕانەوە بەمەش نزیکی پێنج لاپەڕی لەدەق گێڕانەوەکەیدا بۆ تەرخانکردووە. یانیش لەو گفتوگۆیە چڕوپڕەی لەگەڵ مورتەزا و محەمەدی حاجی زادەدا دەیکات لەسەر تابلۆکانی و کەلتوری ئیسلامی و ئەوروپای، گێڕانەوەی ئەم ڕوداوانە گشتی لەڕێگەی گفتوگۆوە ئەنجام دەدات؛ کە نزیکی بیست لاپەری گێڕانەوەی ڕوداوەکانی حیکایەت دێنێتەوە دونیای گێڕانەوە وەك خۆی چۆن ڕوویانداوە ئاوا دەیگێڕێتەوە.

(( - ئەگەر حەز بکەن، هەندێ لە تابلۆکانی خۆمی بەدیاری لەشێوەی دیاپۆزەتیف بۆ دەنێرم. ناونیشانیتان هەیە؟

-بەچاوان.

-حەتمەن خۆشحاڵ دەبێ ئەگەر تابلۆکانی جەنابت ببینێ.

مورتەزا، کە دیار بوو شارەزاییەکی پرۆفیشنەڵانەی لە نیگارکێشاندا هەبوو، لێمی پرسی:

-ئاغای فەرهاد، ئێوە بە چ شێوەیەك ڕەسم دەکەن؟ لەسەر چ ڕێبازێك دەڕۆن؟

گوتم: من لەسەر هیچ ڕێبازێك ناڕۆم. ڕەسم دەکەم. تەنیا ڕەسم دەکەم.

.......

-ڕەسمی چی دەکەی.. ئاغای فەرهاد؟

گوتم: من هەرچی شتێك تێی نەگەم، ڕەسمی دەکەم.

حاجی زادە پرسیی: چی؟

دیسان دووپاتم کردەوە:

-هەرچی شتێك تێی نەگەم، ڕەسمی دەکەم.

.......

-باشە ..بۆ؟ بۆچی تەنیا ئەو شتانە و ئەو کەسانە ڕەسم دەکەی کە تێیان ناگەی؟

گوتم: چونکە دەمەوێ تێیان بگەم.......

مورتەزا گوتی:

-ئاغای فەرهاد، تۆ دیاپۆزەتیڤی تابلۆکانی خۆتم بدێ..بۆ ساقیی خوشکم دەیانێرم.

پێم خۆش بوو مورتەزا خۆی ئەم داوایەی لێ کردم.

-دڵنیام پەسەندیان دەکا

-سوپاست دەکەم....))(ل٧٠)

ئەم گفتوگۆیەی نێوان ئەم سێ کەسایەتییە، نزیکی بیست لاپەڕە نووسین دەگرێتەخۆی کە لەبارەی کەلتوری ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی و درێژەدەکێشێ بۆ باسکردنی وێنە و تابلۆکانی فەرهاد و ناردنیان بۆ سان فرانسیسکۆ بۆ گەلەرییەکەی ساقی گوڵچینی خوشکی مورتەزا. بەمەش کاتی گێڕانەوە نەگۆڕە بەوەی کاتی ڕوداوەکانی حیکایەت و کاتی گێڕانەوەیان بێ کەم و زیاد وەك خۆی دەخرێتەڕوو.

هەروەها لە گفتوگۆی نێوان فەرهاد و مەدام گالانتی دایکی میسیۆ، لەبارەی محەمەدی حاجی زادەوە کە دەیویست پێی بڵێت کە کوڕەکەی چەند لەودەچێت. بە قسەی فەرهاد دەسپێدەکات: ((-ئەگەر چاوت بە محەمەدی حاجی زادە بکەوێ، مەدام ...باوەڕبکە، واقت وڕ


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

دەمێنێ؛ وادەزانی لووسیانای کورەکەی خۆت دەبینی.

-بەڕاست؟

-هەمان سەر و سیما و ئادگار. .تەنانەت قەد و باڵاشیان هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ یەکترنییە. ئێمەی کورد دەڵێین، دەڵێی سێوێکن کراون بە دوو لەتەوە.

مەدام گالانتی، دەمزانی چەنێك لووسیانای کوڕە تاقانەکەی خۆی خۆشدەویست، کە تاقە یادگاری بوو لەبنەماڵە جوولەکە پرتوگالییەکەیانەوە مابووەوە، پرسی:

-ئێرانییە؟

-گوتم: بەڵێ.

-برادەرتە؟

-بەڵێ.

مادام گالانتی نەیگوت: ((بانگی بکە ئێرە با ڕۆژێك ببینم))، گوتی:

-سەیرە!

جەنتاکەی کردە شانی و.. وێنەی زەردەخەنەیەکی سەرسوڕماو، زەردەخەنەیەکی زۆر لەدڵەوەی خۆی، لەناو چاوانی مندا بەجێ هێشت و ڕۆیشت؛

-ئۆغفواغ.))(ل٧٣). گەر سەرنج بدەین لەو گفتوگۆ درامیەدا، کە لەنێوان ئەم دوو کەسایەتییەدا ئەنجامدراوە وینای ماوەیەکی یەکسان و نەگۆڕمان نیشان دەدات لەنیوان کاتی گێڕانەوە و حیکایەتدا، چونکە وینای ڕووداوەکانی ئاستی حیکایەت وەك خۆی بێ زیاد و کەم دێنیتەوە ئاستی گێڕانەوە.

## ٢-٢-٢ ڕەوتی گێڕانەوە لەڕووی سستییەوە: Deceleration

لەمەیاندا کاتی خوێندنەوەی ڕوداوەکان لەگێڕانەوەدا زیاترە لەماوەی کاتی حیکایەت(لوتە،١٣٨٦: ٧٧). بەمەش بۆخاوکردنەوەی پرۆسەی گێڕانەوە؛ گێڕەرەوە پەنا بۆ تەکنیکی (وەسف) دەبات، تاوەکو کاتی خوێندنەوەی دەقەکە درێژبکاتەوە، بۆیە ماوەی کاتی گێڕانەوە بەرامبەر بە ماوەی ڕوداوەکان لە حیکایەتدا زیاتر دەبێ. لەم بارەوە جینێت لەبارەی وەسفەوە دەڵێت:"لێرەدا گێڕەرەوە وەسفی ڕوداوێك دەخاتە ڕوو کە کەمترین ماوەی زەمەنی لەحیکایەتدا هەیە، بەڵام لەئاستی گێڕانەوەدا لەڕێگەی وەسفەوە درێژەی پێدەدات بەمەش لە ماوەی کاتی حیکایەت درێژتر دەبێت"(ژنێت،١٩٩٧: ١١٢).

وەسف، کە یەکێکە لە تەکنیکەکانی نووسینی ڕۆمان، لای زۆرێك لە نوسەران بەشێکی زۆری ڕۆمانەکە داگیردەکات، چونکە" وەسف بایەخ بە وێنەگرتنی شتەکان دەدات و گێڕانەوەش وێنەی ڕووداو دەگرێتەوە، بەمەش وەسف پێچەوانەی گێڕانەوە دەبێت و لەگەڵیدا ڕێکناکەوێ، بۆیە گێڕانەوە- سست دەبێتەوە-"(موفتی،٢٠١٢: ٧٣). لەم ڕووەوە جینێت لەگێڕانەوەسازیدا بەهۆکاری سسن کردنەوەی ماوە و ڕەوتی گێڕانەوەی کاتی دەزانێت، فەرهادیش لە ڕۆمانی هوتێل ئەروپادا ئەگەرچی زیاتر هەوڵیداوە کاتی حیکایەت و گێڕانەوە بەنەگۆڕی بمێنێتەوە، بەڵام کەم و زیاد پەنای بۆ ئەم تەکنیکەش بردووە، بگرە هەموو جۆرەکانی وەسف لەم ڕۆمانەدا ڕەنگیان داوەتەوە، لەوانە:

١-وەسفی کەس: فەرهاد لەگێڕانەوەی ڕوداوەکانیدا زۆرجار بەپێویستی دەزانێت پرۆسەی گێڕانەوە سست بکاتەوە، بۆیە دەپرژێتە سەر وەسفی کەسایەتییەکانی نێو ڕۆمانەکەی بەتایبەتیش لە وەسفی ڕواڵەت و ڕووخساری کەسایەتییەکان، لەوانە: (وەسفی ساقی گوڵچین و میسیۆ لووسیانا،...). بۆنمونە:

((ساقی گوڵچین. قژکورتێکی چاو و برۆ ئێرانی، هەمیشە کۆك و ڕێکپۆش، لەو ژنە سەڵتەنەتخوازانە بوو کە باوەڕی وابوو پێویستە بنەماڵەی

ڕەزاشا بگەڕێنەوە سەر حوکمی ئەمڕۆی ئێران؛ خاوەن گەلەرییەکی ناودار لە سان فرانسیسکۆ، لەهەمان کاتدا فێمینیسنێکی لیبراڵیش بوو، لە ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتیی فێمینیستانەی ئێران لە ئەمریکا کاری لەپێناو ماف و داخوازی و ئازادییەکانی ژنانی ئێران دەکرد...))(ل١٢٩) هەروەها لەوەسفی میسیۆ لووسیانادا کە تیایدا زۆر جوان وێنای ئەم کەسایەتییەمان نیشان دەدات، بۆچەند ساتێك کاتی گێڕانەوەکەی خاودەکاتەوە. ((مسیۆ لووسیانا، پیاوێکی باڵابەرزی تەمەن دەوروبەری چل و پێنج ساڵ (چەند ساڵێك لە من بەتەمەنتر)، موو قاوەیی، چاو هەنگوینی، قۆز، هەمیشە چوست و چالاك،.....))(ل٧٤) یانیش کاتێ وەسفی قە و باڵاو ڕیکپۆشی میسیۆمان بۆدەکات، ((جلوبەرگیشی، بەپێچەوانەی ئەو جوولەکانەوە بوو کە لەشەقامەکانی پاریسدا دەمبینین. شەپقەیەکی ڕەش لەسەر، ڕیشیان بەردابووەوە، یانیش کڵاوێکی ڕەشی بچکۆڵەیان بە دەمبوزێك لە تەوقی سەری خۆیان دەدا بۆ ئەوەی بناسرێنەوە جوولەکەن. هەمیشە جلوبەرگێکی ئاسایی، بەڵام گەنجانە و ڕێکپۆشی لەبەردەکرد. جارجارەیش تێبینیم دەکرد، ئەوکراسە کشمیری و ئێرانییانەی لەبەردەکرد...))(ل٧٨). لێرەدا نوسەر بۆ سست کردنەوەی کاتی گێڕانەوەکەی پەنای بۆ وەسفی کەسایەهتیەکانی نیو ڕۆانەکە بردووە.

٢-وەسفی شت: نوسەر لە ڕۆمانەکەیدا بەتەنیا وەسفی کەسایەتییەکانی نەکردووە، بەڵکو وەسفی شتەکانیش ئاماژەی زۆریان پێدراوە لەوانە وەسفی پێڵاوەکانی ئەو کیژۆڵە ئێرانییەی کە خۆشەویستی میسیۆ لووسیانا بوو، دوای گەڕانەوەی بۆ ئێران وەك یادگارییەك میسیۆ لای خۆی پاراستبووی. ((پێڵاوێکی سپیی بچکۆڵە، ئەملاو ئەولا بە نوقتەی ڕەش، لەناو چوارچێوەیەکی زۆر جواندا. ئەو چوارچێوە ڕازاوەیەی کە لە ناوەڕاستدا تاکە پێڵاوەکەی لە ئامێز گرتبوو- کاتێ لێی نزیك کەوتمەوە، دیتم بە دەزووی ئاوریشمی چینی چندرابوو. چوارچێوەکە هیچی دیکەی لەخۆ نەگرتبوو تەنیا ئەو تاکە پێڵاوە بچکۆڵەیە نەبێ، سپی سپی، بەسەر دیوارەکەوە.))(ل١٤٣) ئەمە تاکە نموونەی کەل و پەل و شتە کە نوسەر حەقی خۆی پێدابێت. چونکە نووسەر بەشێوەیەکی گشتی کەمتر پرژاوەتە سەر وەسف ئەمەش گوزارشتە لەوەی کە ماوەی گێڕانەوەی ڕووداوەکان لەم ڕۆمانەدا کەمتر سستی بەخۆیەوە بینیوە.

٣-وەسفی شوێن: بە هەمان شێوە وەسفی شوێن و جێگاکانی نێو ڕۆمانەکەش کەم تا زۆر لە وەسفەکانی نوسەردا جێگەیان بۆکراوەتەوە، لەوانە: ((بەدرێژایی ڕێڕەوەکە، کە دەچووەوە ناو دیوەخانی ماڵەکەیان، فەرشی ئاوریشمی ئێرانی و بەرەی ڕەنگینی فیگەرەتیفی ڕۆژهەڵات بە دیوارەکانەوە هەڵواسرابوون. هەر یەکەیان وەك تابلۆیەکی بەهادار-نەك وەك گلیمێك-خۆیان دەنوواند.))(ل١٤٢) نوسەر کاتێ بۆیەکەمین جار سەردانی ماڵێ میسیۆ لووسانای دەوڵەمەندی جوولەکە دەکات، ژیانی شاهانەی ئەم بنەماڵەیە و سەرنجی ڕادەکێشێت بەپێویستی دەزانێت ساتێك لەگێڕانەوەی ڕوداوەکان بووەستێ و بپرژێتە سەر وەسفی ماڵەکە. بەمەش پرۆسەی گێڕانەوەکە سستدەکاتەوە. ئەمەش تاکە نموونەی وەسفە لەم ڕۆمانەدا کە بۆ شوێن کرابێت.

## ٣-٢-٢ ڕەوتی گێڕانەوە لەڕووی خێراییەوە: Acceleration

ئەمەشیان بابەتێکمە لەو بابەتانەی کە جینێت لەتیۆرەکەیدا پرژاوەتەسەری بۆ دروستکردنی جیاکاری لەنێوان ئاستی حیکایەت و ئاستی گێڕانەوەدا، کە لێرەدا "ماوەی کاتی گێڕانەوە لە ماوەی کاتی حیکایەت کورتترە(لوتە،١٣٨٦: ٧٧). بۆ ئەم مەبەستە جینێت "لابردن" و "کورتکردنەوە" بە دوو تەکنیکی خێراکردنی ڕەوتی گێڕانەوە دەزانێ. واتە بە لابردنی بەشێکی زۆری وەسف و کاتی ڕوداوەکان و گفتوگۆکانی نێو حیکایەتەکەوە ڕەوتی گێڕانەوە خێراتر دەبێ و زووتر بەسەر ڕوداوەکاندا دەڕوات. چونکە لەڕێگەی ئەم دوو تەکنیکەوە گێڕەرەوە پارچەیەك لە حیکایەت لادەبات، یاخود ساتێ لەساتەکانی نێو ڕۆمان کورتدەکاتەوە و ڕەوتی گێڕانەوە خێراتر دەکات:

١-لابردن: لێرەدا نوسەر بۆ خێراکردنی پرۆسەی گێڕانەوەکە بەشێك لە ڕوداوەکانی گێڕانەوەکەی بەتەواوەتی لادەبات، لەڕێگەی دەستەواژە زمانییەکانەوە ئاماژە بە کاتەلادراوەکە دەکات، ئەمیش بەدوو جۆر دەردەکەوێت:

لابردنی ڕاگەیەندراو: ئەمەیان تەنها ماوەکەی ڕاگەیەندراوە، بێ ئەوەی ڕوداوەکانی لەتێکستدا بخرێتەڕوو. ئەم جۆرە لابردنە، لەڕۆمانی هوتێل ئەوروپادا نوسەر کە خۆی گێڕەرەوەی سەرەکی ڕوداوەکانە، لە لابردنی بەشێکی ڕوداوەکان و خێراکردنی پرۆسەی گێڕانەوەکەیدا، زیاتر

پەنای بردۆتە بەر لابردنی ڕاگەیەنراو، لەڕێگەی ئەو دەستەواژە زمانییانەی کە بۆ کات بەکاردێن، وەك: (یازدە ساڵ زیاترە، سێ ساڵ زیاتر، بەدرێژایی چەندین ساڵ،چارەگە سەعاتێك....) هەوڵدەدات ئەو ڕوداوانە لابەرێت کە بەپێویستی نازانێت، بۆ نموونە فەرهاد لەوکاتەیدا کە دوای ماوەیەکی زۆر ساقی گوڵچین دەبینێتەوە لەگەڵیدا باسی ئەوەی بۆ دەکات کە تەمای هەیە بگەڕێتەوە کوردستان، ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو یازدە ساڵ زیاترە کەس و کارەکەی نەدیووە، لێرەدا نوسەر ئەو یازدە ساڵە تەنها لەڕێگەی دەستەواژەیەکی کاتەوە باسدەکات، ئەگینا تەواوی ئەو ماوە زەمەنییە دەیان و سەدان ڕوداو ڕوویانداوە، بەڵام نوسەر لەبەرئەوەی زانیاری نییە بەسەریدا دەڕوات و ئاماژەی پێنادات.

((گووتم: نا. باکوری عێراق ئازادە. چیتر دەستی سەدامی ناگاتێ. جگە لەمەش ، من یازدە ساڵ زیاترە کەسوکاری خۆمم نەدیوە. غەریبییان دەکەم. لەوانەیە لەم هەفتەیەی داهاتوودا بگەڕێمەوە.))(ل١٩٧)

یانیش لە باسکردنی ژیانی محەمەدی حاجی زادەدا کە ماوەی سێ ساڵبوو لە پاریس بێکار بووە، بێگومان لەو سێ ساڵەدا زۆر شت هەن کە ڕوویانداوە، بەڵام نوسەر ئەو ماوەیەوە لادەبات، بەڵام ماوەی کاتەکەمان بۆ ڕادەگەیەنێت. ((سێ ساڵ زیاتر بوو بەبێ هیچ موچەیەك، بەبێ هیچ دەرامەتێك، ژیانی تەنیایی وکلۆڵیی خۆی لە پاریس بەسەر دەبرد، دەیگوت کە تەنیا لەپێناو دابینکردنی ژیانی مادی و دارایی خۆی ئەم کارە دەکا...))(ل١٠٩)

هەروەها لەباسکردنی محەمەدی حاجی زادەدا نوسەر ئاماژە بەساتی سەرەتای ناسینی خۆیی و ئەو دەکات کە چۆن بەدرێژایی چەندین ساڵ مەلابووە؛ کەچی لێی شاردۆتەوە. نوسەر هەموو ئەو ماوەیە کەچی ڕوویداوە بەلایەوە گرنگ نییە و بەسەریدا بازدەدات، ((ئەو هەموو قسە و باسانە..کەچی محەمەدی حاجی زادە لەو یەکەمین ئێوارەیەدا ئەوەی لێم شاردەوە کە ئەو خۆیشی، کاتی خۆی، لە تاران، بەدرێژایی چەندین ساڵ مەلا بووە و (خەلعی لیباس) کراوە بۆیە ڕای کردووەتە پاریس!))(ل٥٣)

هەندێك جار نوسەر لەڕۆمانەکەیدا تەنها ئەو ڕوداوانەی لانەداوە کە ماوەی ڕوودانیان کاتێکی زۆرە، بگرە زۆرجار ساتێك، یا چەند دەقیقەیەك یاخود چارەکە ساعەتێکیشی لاداوە و تەنیا بە دەستەواژەیەك ئاماژەی پێداوە. وەك:

((مادام (گالاتێ) دایکی لووسیانا

((دەچوو سەرێکی لە کافتیریاکە دەدا و بەدەم خواردنەوەی قاوەیەکەوە بۆ ماوەی چارەگە سەعاتێك، هەندێ حیسابات و نووسینی لەوێ دەکرد....))(ل٧١) لێرەدا نوسەر بۆیە ئەوکاتەی لاداوە؛ چونکە هیچ زانیارییەکی لەسەر ئەوکاتەنییە کە لەو ژوورەدا چی ڕوویداوە، بۆیە بەپێویستی دەزانێت لابرێت و پرۆسەی گێڕانەوەکە خێرابکرێ.

-لابردنی ڕانەگەیەنراو: ئەمەیان ماوەکەی ڕانەگەیەنراوە و دەبێ خوێنەر لەڕێگەی بەستنەوەی بەماوەی ڕوداوەکانی پێشتر و پاشترەوە درکیان پێ بکات(ئەلوەندی،٢٠٠٤: ٢٦٣) لەڕۆمانی هوتێل ئەوروپادا نوسەر لەگێڕانەوەدا چەند جارێك پەنای بۆ تەکنیکی لابردن بردووە و ئاماژەی بە کاتەکەی نەکردووە، بەڵام هەر لە خودی ڕوداوەکانەوە خوێنەر دەتوانێت سەردەم و کاتی ڕوداوەکان دیاری بکات. بۆنمونە: لە زمانی مسیۆ لووسیاناوە، کاتێ لەگەڵ فەرهاددا گفتوگۆ دەکات مێژووی جووەکانی پورتوگالمان بۆ باسدەکات: ((شتێکی دیکەشت پێ بڵێم : بەشێکی زۆر لە جوولەکەکانی پورتوگالیش (ئەو وڵاتەی کە من تێیدا لەدایك بووم) بەئەسڵ مەغریبین، بریتین لەو جوولەکانەی کە لەدەست زوڵمی ڕژێمی ئیسلامیی مەغریب وەختی خۆی پەنایان بردووەتە بەر پورتوگال، هەندێکی دیکەش ئەو جوولەکانەن کە لەدەست نازییەکانی ئەڵمانیا ڕایان کردووەتە پورتوگال.))(ل٨٢). ئەگەرچی لێرەدا گێڕەرەوە ئاماژەی بەهیچ ماوە و ساڵ و بەروارێك نەداوە؛ بەڵام لەڕێگەی گەڕانەوە بۆ مێژووی نازییەکانەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ماوەی چوارساڵی جەنگی دووەمی جیهانییە کە تیایدا نازییەکانی ئەڵمانیانا تەنگیان بە جوولەکەکان هەڵچنی بوو. بەهەمان شێوە گەر چاوێك بە مێژوو دابخشێنین دیسانەوە بۆ ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٤٠ بۆ ١٩٤١ دەگەڕێتەوە کە جوولەکەکان ناچاربوونەوە مەغریب جێبهێڵن و ڕووبکەنە ئەوروپا. لێرەدا نوسەر ئەو ماوە زەمەنییەی باس نەکردووە و لەگێڕانەوەیدا لابراوە و بەبێ ئەوەی ئاماژە بە کاتەکەی بکرێ.

٢-کورتکردنەوە: هەرچی کورتکردنەوەیە نوسەر لەم ڕۆمانەدا بەهەمان شێوە، هەوڵیداوە ڕەوتی گێڕانەوە خێرابکات، بەڵام نەك وەك پێشتر

کە تەواوی چرکە و ساتەکان لابدات؛ بەڵکو بەپێویستی دەزانێت بەشێکی ڕوداوەکان بگێڕێتەوە، بەشێوازێك نە لابردنە و نە گێڕانەوەیەکی بێ زیاد وکەمە، بەڵکو هەوڵدەدات کورتی بکاتەوە، بۆنموونە نوسەر ئەوکاتەمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە لەگەڵ مسیۆ لووسیانادا لەژێر باراندا هەنگاودەنێن بۆ لای سەیارەکەیان، نوسەر ئاماژە بەوە دەکات: ((تا گەیشتینە ناو ئۆتومبیلەکەی، بەدرێژایی ئەم ڕێگەیە، لەژێر باراندا، باسی باران و ئەو ڕۆژانەی دەکرد کە لەگەڵ زیبا چۆن لەژێر باراندا بەجووتە شەقامەکانی پاریسیان تەی کردووە...))(ل١٧٨) لێرەدا نوسەر خۆی بە ئاشکرا دەڵێت (بە درێژایی ئەم ڕێگەیە) کەواتە ڕێگەیەکی زۆریان بڕیوە گومانی تێدانییە لەو ماوەیەدا قسەیەکی زۆر لەوە زیاتر گوتراوە، بەڵام نوسەر دێت بەتەنها دوو دێر نووسین لەڕۆمانەکەیدا ئەو ساتەمان بۆ دەگێڕێتەوە؛ باسی ورد و درشتی ڕوداوەکان ناکات. هەروەها نوسەر لە گێڕانەوەدا زۆرجار بە پێویستی نازانێ تەواوی وردەکارییەکان بگێڕێتەوە بەڵکو هەوڵدەدات زۆر بەکورتی ڕوداوەکان بگێڕێتەوە، بەتایبەتی کاتێك ڕوداوێك دێتەوەپێش کە پێشتر باسی لێوەکراوە لەگێڕانەوەی دووەم جاردا هەوڵدەدات کورتی بکاتەوە، بۆنموونە: لەو کاتەیدا لە بارەی ژیانی خۆیەوە دەدوێ بۆ مسیۆ لووسیانا: ((.....چونکە پێشتر بەفراوانی بۆم گێڕابووەوە کە من چۆن لە ساڵی (١٩٨١)دا، واتە لە دەسپێکی شەڕی عێراق و ئێراندا، لەدەست سەربازی ڕام کردبوو ئێران و بۆ ماوەی هەشت مانگ لە ئۆردووگای پەناهەندانی کوردی عێراق لە (مەیدانی ذوب اهن)لە شاری (کەرەج) مابوومەوە؛ چۆنیش پاشان لەوێوە بەڕێگای سووریاوە چووبوومە پۆڵۆنیا و ئینجا ئەڵمانیا ......))(ل٧٧) نوسەر لێرەدا چەند جارێکی دیکە ئەم ڕوداوەی گێڕاوەتەوە بۆیە بەپێویستی نازانێ جارێکی دیکە هەمووی بخاتەوە بەر باس، بۆیە کورتی دەکاتەوە و بەخێرایی بەسەریدا تیدەپەڕێت. ئەمەشی لەپیناو خێراکردنی ڕەوتی گێڕانەوە لە ڕۆمانەکەدا. یانیش نوسەر زۆرجار بۆگێڕانەوەی ڕواوەکانی تەنیا سەرە بابەتێك دەخاتەڕوو ناچێتە ناو قوڵای باسەکانەوە، بەتایبەت لەگێڕانەوەی قسە و باسەکانی خۆی و میسیۆدا، ((من باسی فرۆغی فەروخزاد، ئەو باسی حافزی شیرازی. من باسی کمال الملك، ئەو باسی فێرناندۆ پێرسوا. من باسی ئیدیت پیاف، ئەو باسی ئوم کلسووم. من باسی مۆسیقای ڕاپ، ئەو باسی سەمای ئەو دەروێشانەی کە لە قۆنیا یان لە بایەزیدی ئەستەمبۆڵ بینیبووني.)) (ل١٤٠). لێرەشدا نووسەر نایەوێت بە دور و قوڵی بچێتە ناو پوختەی قسەکانیانەوە بەڵکو تەنها سەرەباسێك بۆ خوێنەران دەگێڕێتەوە. کە ئەمەش لای جینێت تەکنیکێکە نوسەران دەیگرنەبەر بۆئەوەی کاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکانیان خێرابکەن.

٢-٣ دوبارەبوونەوەی ڕوداوەکان: ئەمەش یەکێکی دیکەیە لەو چەمکانەی، کە جینێت لەبواری گێڕانەوەدا ئاماژەی پێداوە، کە مەبەست لێی دوبارەبوونەوەی ڕوداوێکە لە ئاستی حیکایەت و چەند جارەی دوبارەبوونەوەیەتی لەئاستی گێڕانەوەدا، جینێت دەپرسێ کە ئایا ئەو ڕوداوەی کە چەندین جار ڕوودەدات ئایا بەهەمان شێوە لە ئاستی گێڕانەوەشدا ئەوەندە جارە دەگێڕدرێتەوە؟ لەهەر گێڕانەوەیەکیشدا چۆن دەگێڕدرێتەوە؟(گریان،١٣٩١: ١١٥). یاخود دەگوترێت ئاماژەکردنە بەپەیوەندی نێوان چەند جارەی دەرکەوتنی یەك ڕوداو و ژمارەی چەند جارەی گێڕانەوەی هەمان ڕوداو لە دەقدا(Genette,١٩٨٣:١١٣). لەم سۆنگەیەوە جینێت ئەم تەکنیکە بەچەند شێوازێك دەخاتەڕوو.

## ٢-٣-١ دوبارەبوونەوەی تاك:

ئەمە باوترین جۆری دوبارەبوونەوەیە کە تیایدا یەك ڕوداو کە یەکجار ڕوویداوە لەئاستی حیکایەت لەئاستی گێڕانەوەش لەدەقدا یەکجار دەگێڕدرێتەوە. ئەم جۆرە دوبارەبوونەوەیە بەشی زۆری پانتایی گێڕانەوە داگیردەکات، چونکە نوسەر یاخود گێڕەرەوە لەپرۆسەی گێڕانەوەیدا ڕوداوگەلێکی زۆر هەیە تا بیانگێڕێتەوە، بەڵام نایەت هەموویان وەك یەك چەندین جار دوبارەبکاتەوە و بیانهێنێتەوە بەر باسی گێڕانەوە، تەنیا ئەوانە نەبێ کە زیاتر سەرەکین وکاریگەریان زیاترە. هەروەها گێڕانەوەی چەندجارەی ڕوودوێکیش کە چەندجار ڕوویداوە هەر لەم جۆرە دوبارەبوونەوەیە دەژمێردرێت، چونکە هەرجار گێڕانەوەیەکی بەرامبەرە بە جارێك لەڕودانی لە ئاستی حیکایەتدا(ژنت،١٩٨٠: ١١٤). بۆنمونە، ئەم جۆرەی دوبارەبوونەوە لەڕۆمانی هوتیل ئەورووپادا زیاتر بەرچاودەکەون، چونکە نوسەر کە خۆی کەسایەتی سەرەکی ڕۆمانەکەیە و هەمووشت زانە و باسی زەمەنێکی دیاریکراو دەکات، کە تیایدا چەندین ڕوداومان بۆ دەگێڕێتەوە، بۆیە بەشێکی زۆری ڕوداوەکان ئەوانەن کە یەکجار ڕوویان داوە و یەکجاریش باسکراون، لەوانە: دوای ئەوەی پاش ماوەیەکی زۆر فەرهاد جارێکی دیکە ساقی گوڵچین دەبینێتەوە لەوێدا


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

ساقی گوڵچین باسی محەمەدی حاجی زادە بۆ فەرهاد دەکات کەچۆن سەرەتا کە هاتۆتە پاریس چی بەسەرهاتووە: ((ئینجا بە محەمەدی حاجی زادە پێ کەنی. زۆر پێ کەنی، بە تایبەتیش بەوە زۆر پێ کەنی کە چۆن ڕۆژێك محەمەدی حاجی زادە کاتێ تازە گەیشتبووە پاریس چووبوو لەناو سووپەرمارکێتێکدا قووتوویەکی گەورەی خواردنی پشیلەی بۆ خۆی کڕیبوو؛ وایزانیبوو مرەبایە و خواردبووشی.))(ل١٩٨) ئەم ڕوداوە یەکجار ڕوویداوە و دوبارە نەبۆتەوە بەهەمان شێوەش یەکجار لەدوونیای گێڕانەوەدا لەسەر زاری ساقی گوڵچین دەگێڕدرێتەوە. یانیش کاتێ فەرهاد باسی پەیوەندییە تۆکمەکەی خۆی و خێزانە جولەکەکە دەکات، سەرەتای پەیوەندییە هاوڕێیانەکەی بۆ ئەو ساتە دەگەڕێنێتەوە، کە چۆن لەو کاتەی لە هوتێلەکەی ئەوان کاریکردووە و لەخۆبردوانە خزمەتی هوتێلەکەی کردووە، لەم سۆنگەوە ڕوداوێك دەگێڕێتەوە کە چۆن دزێك دەیەوێت بێتە هوتێلەکەوە: ((لەناکاو، لەسەر شۆستەکەوە کاتێ سەرێکم هەڵبڕی و تەماشای سەرەوەم کرد، دیتم پیاوێك هەڵگەڕاوەتە سەر دیواری بڵندی هوتێلەکەوە. قاچی ڕاستی لەسەر گوێسوانەی ژوورێك، قاچی چەپیشی لەسەر گوێسوانەی ژوورێکی تر، دەیویست لە پەنجەرەوە بپەڕێتەوە ناو ژوورێکی هوتێلەکە.. پشتی لێم بوو.

هیچم نەکرد، هیچم نەگوت..بەبێ خشپە چوومەوە ژوورەوە و دەرگای هوتێلەکەم بە ئەسپایی داخست...))(ل٣٥) ئەم ڕوداوەش بەهەمان شێوە لە دونیای حیکایەتدا یەکجار ڕوویداوە و لەگێڕانەوەشیدا تەنیا یەکجار لەسەر زاری فەرهادەوە دەگێڕدرێتەوە. هەروەها نموونەی ئەو جۆرەیان ڕوداوێك چەندین جار لە ئاستی حیکایەتدا ڕوودەدات و لە ئاستی گێڕانەوەشدا ئەوەندە جارە دەگێڕدرێتەوە. دەکرێ پیشاندانی نائومێدییە لە ناکاوەکانی ڕووخساری مسیۆ لووسیانا لەم ڕۆمانەدا وەك نموونەیەکی زیندووی ئەم جۆرە دوبارەبوونەوەیە سەیربکرێ، لەوانە لەسەر زاری فەرهاد دەگێڕدرێتەوە: ((مسیۆ لووسیانا، لەناکاو؛ بە نائومێدییەوەتەماشایەکی سەر زەوییەکەی کرد؛ وەك برینێکی کۆنی کولابێتەوە:

-بەڵام سەروەت و سامان بەچی دەچێ!

ئەم قسەیەی کرد و یەکسەر تەمی هەستێکی فیگاریی قووڵ، کە لە نائومێدییەك دەچوو، کەوتە سەر ڕووی ....))(ل٨٤)، جگەلەمە جارێکی دیکە هەر لەسەر زاری فەرهاد ((کە ئەم قسەیەی تەواوکرد. یەکسەر، دیسان؛ تەمی هەستێکی فیگاریی قووڵ، کە لە نائومێدییەك دەچوو خووی پێوە گرتبێ؛ کەوتەسەر ڕووی؛ ڕوحی مسیۆ لووسیانای کوژاندەوە........))(ل٩٨)، هەروەها بۆ جاری سێیەم هەمان ڕوداو لەکات و ساتێکی دیکەدا دوبارە دەبێتەوە: ((شەوێك لە شەوان پێکەوە بووین، لە پاریسی هەشتەم لەناو ڕێستۆرانتێکی تورکەکاندا بەناوی (کاروانسەرا) کە سەما و مۆسیقای عوسمانیی لێ بوو؛ من چووبوومە توالێت..کاتێ هاتمەوە دابنیشم دیتم مسیۆ لووسیانا غەمگین غەمگین، ئاگای لە مۆسیقا خۆشە عوسمانییەکە نەمابوو؛ .....))(ل ) بەمەش ڕوداوێك سێ جار یان زیاتر لەدونیای حیکایەت ڕوویداوە و ئەوەندە جارەش لەدەقدا گێڕدراوەتەوە.

## ٢-٣-٢ دوبارەبوونەوەی چەندجارە:

مەبەست لێی ڕوداوێکە کە یەکجار ڕوویداوە، بەڵام چەندین جار لە ئاستی گێرانەوەدا بگێڕدرێتەوە. ئەم ڕوداوەش دەکرێ لەلایەن کەسایەتی جیاوازەوە بگێڕدرێتەوە. یانیش لەڕێگەی یەك کەسەوە، بەڵام لەکاتی جیاوازدا (ژنێت،١٩٩٧: ١١٥). ئەمە زیاتر ئەو ڕوداوانە دەگرێتەوە کە سەرەکین و بنیاتی ڕۆمانەکەی لەسەر دادەڕێژرێت، هەروەها لەبەر گرنگی و کاریگەری ڕوداوەکە کە پەیوەندی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی بەژیانی کەسایەتییەکانی نێو ڕۆمانەکەوە هەیە؛ ئەمەش نوسەر یاخود گێڕەرەوە ناچاردەکات زیاتر لەجارێك ئەم ڕوداوە بهێنێتەوە دونیای گێڕانەوەوە. نموونەی ئەم جۆرە ڕوداوە لە ڕۆمانی بەردەستدا زۆر بەڕوونی لە باسی (مەلایەتی و خەلعی لباسی) محەمەدی حاجی زادە دەبینرێت، ئەم کەسایەتییە لەبەرئەوەی یەکێکە لە کەسایەتییە کاریگەرەکانی نێو ڕۆمانەکە، نوسەر ئەم ڕوداوەی خەلعی لیباسە کە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی دەیان ڕوداوی دیکە لەژیانی ئەم کەسایەتییەدا، بۆیە نوسەری ناچارکردووە چەندین جار لەنێو گێڕانەوەکانیدا دوبارەی بکاتەوە. خودی ئەم ڕوداوە بۆ بەرلە دەسپێکی ڕۆمانەکە دەگەڕێتەوە، کەچی چەندین جار لەسەر زاری چەند کەسایەتییەکی نێو ڕۆمانەکەوە دەگێڕدرێتەوە، لەوانە: جارێك لەسەر زاری محەمەدی حاجی زادە خۆی دەگێڕدرێتەوە: ((-نەك تەنیا من ، هەزاران مەلای

تر لە ئێران، کە هەر هەمووشیان لە (حەوزەی عیلمیة) پلەی باڵایان هەبوو، خەلعی لیباس کراون. زیندانەکان تا ئەمڕۆش پڕن لە مەلا و پیاوانی دینی ....))(ل١١) یانیش جارێکی دیکە محەمەدی حاجی لە گێڕانەوەی پەیوەندی خۆی و کچە ئازەرییەکە دوبارە ئاماژە بەو ڕوداوە دەکاتەوە، دەگێڕێتەوە: ((- ئەمە جگە لەوەی کە ئەم ڕوداوە بەتەواوەتی دووای خەلعی لیباسەکەی من بوو، نەك پێشتر.))(ل٢١). ئەم ڕوداوە هەر لێرە ناوەستێ جارێکی دیکە دێتەوە بەرباسی گێڕانەوە؛ بەڵام ئەم جارە لەسەر زاری ئەرشەدی قازی هاوڕێ وێنەکێشەکەی فەرهاد، دەگێڕێتەوە:

((- محەمەدی حاجی زادە ئێستا لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە بە سێ تۆمەت تاوانبارە.

-ڕاستە.

-یەکەم: بەوەی کە لەناو خەڵکدا بیروباوەڕی ئەنتی کۆماری ئیسلامیی بڵاوکردووەتەوە.....

-دووەم: پاش خەلعی لیباسەکەی، لەدەست ڕژێم یاخی بووە و پەنای بردووەتە بەر فەڕەنسا ..

محەمەدی حاجی زادە دەیگووت: ئەمەش ڕاستە. .....))(ل٢٢) ئەم گێڕانەوەیە هەر لێرە ناوەستی، بەڵکو ئەمجارە لەسەر زاری فەرهاد دەگێڕدرێتەوە، کاتێك حاجی زادە باسی مەلایەکی هاوڕێی خۆی بۆ فەرهاد دەگێڕێتەوە کە چۆن لەدەستی ڕژێمی ئێران ڕایکردووە، بەڵام فەرهاد درێژە بە گێڕانەوە دەدات: ((ئەم هەموو قسە و باسانە.. کەچی محەمەدی حاجی زادە لەو یەکەمین ئێوارەیەدا ئەوەی لێم شاردەوە کە ئەو خۆیشی، کاتی خۆی لە تاران، بە درێژایی چەندین ساڵ مەلا بووە و خەلعی لیباس کراوە بۆیە ڕای کردووەتە پاریس!))(ل٥٣) دوبارە ئەم ڕوداوە لە لاپەرەکانی کۆتایی ڕۆمانەکەدا جارێکی دیکە دەگێڕدرێتەوە بەڵام ئەمجارە جیاوازتر لە هەموو جارەکانی دیکە، لەسەر زاری مسیۆ لووسانای جوولەکەوە کە لە زاری محەمەدی حاجی زادەوە بۆی گێردراوەتەوە ئەم ڕوداوە باسی لێوەدەکرێتەوە: (( بە مسیۆ لووسیانام گوت:

-محەمەدی حاجی زادە لە تاران کاتی خۆی خەلعی لیباس کراوە.

-بۆی باسکرد. کاتێ لێم پرسی "ئاخۆ دەتوانێ دوای ئەم خەلعی لیباسە جارێکی دیکە بگەڕێتەوە تاران"، گوتی "ئا". بێگومان دەتوانێ بگەڕێتەوە......))(ل١٨٩)

ئەمەش جۆرێکی دوبارەبوونەوەیە، لەهەمان کاتدا وەك جۆرێك لەتەکنیك سەیردەکرێت لەگێڕانەوەی ڕوداوەکاندا، نوسەر لەم ڕۆمانەدا زۆر ژیرانە مامەڵەی کردووە و شارەزایە لەوەی کام ڕوداوانە شایەنی ئەوەن کە دەکرێ زیاتر بگێڕدرێنەوە.

٢-٣-٣ دوبارەبوونەوەی دووپات: مەبەست لێ گێڕانەوەی یەك جارەی ئەو ڕوداوەیە کە چەندین جار ڕویداوە. ئەم چەمکەش بۆیەکەمین جار جینێت لەبارەیەوە دواوە کە بەرلەو هیچ کەسێکی دیکە لەم بارەوە نەدواوە(ژنت،١٩٨٠: ١١٦). ئەم جۆرەی دوبارەبوونەوە زیاتر بۆ گێڕانەوەی ڕوداوی لاوەکییەکانە، کە تیایدا گێڕەرەوە نایەوێت کاتێکی زۆری گێڕانەوەیان تیایدا خەرج بکات؛ لەبەرئەوە بۆ چەند جارەی ڕوودانیان لەدونیای حیکایەت بەپێویستی نازانێت ئەوەندە جارەش لەدونیای گێڕانەوەدا ئاماژەیان پێ بکاتەوە، بەڵکو بەیەك جار لەکورتیدا دەیبرێنێتەوە.

ئەم جۆرە ڕوداوانە لە ڕۆمانی هوتێل ئەوروپادا کەمتر بەرچاوەدەکەون لە دوبارەکردنەوەیان. بۆنمونە گێڕانەوەی گەشتەکانی مسیۆ لووسیانا بۆ شاری قۆنیا لە تورکیا، گێڕەرەوە ئاماژە بەوە دەکات مسیۆ خۆی سێ جار سەردانی شاری قۆنیای کردووە، ئەمەش ئەگەرلە ئاستی حیکایەت سەیری بکەین دەبێت بەسێ ڕوداوی جیاواز سەیری بکەین کە لەسێ کاتی جیاوازدا ڕوویانداوە؛ بەڵام نوسەر تەنیا بەیەك جار گێڕانەوەی ئاماژەی پێداوە: ((مسیۆ لووسیانا تا ئەوکاتە سێ جاران تایبەت سەردانی شاری (قۆنیا)ی لە تورکیا کردبوو تەنیا لەبەرئەوەی لە دەوروبەری ساڵی (١٢٥٠) مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی ماوەیەك لەوێ ژیاوە و (بەقسەی ئەو) دەیگوت کە هەر لەوێش جوانترین شیعرە عاشقانەکانی خۆی نووسیوە...))(ل٩٤) بێگومان ئەمەش تەکنیکەش بۆیەکەمین جار وەك چەمکێك لە بواری گێڕانەوەسازیدا لەلایەن جیرارد جینێتەوە باسی لێوەکراوە و خراوەتەڕوو.

## ئەنجام:

**ئەو ئەنجامانەی کە لەم توێژینەوەدا بەدەستهاتوون، ئەمانەن:**

-کات یەکێکە لە بابەتە سەرەکی و بنچینەییەکانی گێڕانەوە، کە ڕوگەی بەرەوپێشچوونی گێڕانەوەی لەسەر بەڕیوەدەچێت. گێڕانەوەی حیکایەت لەبەرئەوەی خاوەنی دوو ڕەهەندی جیاوازی کاتە، کە کاتی (حیکایەت-گێڕانەوە)یە، جیرار جینێت بایەخێکی زۆری پێداوە و لە سێ ڕووەوە لێی کۆڵیوەتەوە؛ ئەوانیش: (ڕێکخستن-ماوە-دوبارەبوونەوە)یە.

-لە ڕۆمانی هوتێل ئەوروپادا نوسەری ڕۆمان مامەڵەیەکی ژیرانەی لەگەڵ کاتدا کردووە و بەجۆرێك هەوڵیداوە لەڕێگەی "تێکشکاندنی کات"وە زنجیرەی بەدوایەکداهاتنی ڕوداوەکانی حیکایەت لەگێڕانەوەیاندا تێکبدات؛ لەڕێگەی هەر دوو تەکنیکی "گەڕاندنەوە و پێشکەوتن"؛ بەتایبەتیش زیاتر سودی لە تەکنیکی گەڕاندنەوەی دەرەکیی بینیووە.

-ماوەی کات لە ڕودانی حیکایەت و گێڕانەوەیان لەم ڕۆمانەدا تارادەیەکی باش هەوڵدراوە هاوسەنگی بپارێزێت و هاوتەریب بن، بەوەی نوسەر هەوڵدەدات لەڕێگەی گفتوگۆی ڕاستەوخۆی کەسایەتییەکانی ڕۆمانەکەی ڕوداوەکان بگێڕێتەوە؛ ئەمەش پێمان دەڵێت ماوەی کاتی ڕودانی حیکایەت و گێڕانەوەیان لەم ڕۆمانەدا بەپلەی یەکەم بە نەگۆڕی ماوەتەوە، هەرچی ڕەوتی سستی گێڕانەوەیە لەپلەی دووەم و کەمتر پرژاوەتەسەر خاوکردنەوەی گێڕانەوە و کەمترین جار سوودی لەتەکنیکی وەسف بینیوە.

-گێڕانەوەی ڕوداوەکان لەڕووی دوبارە گێڕانەوەیان، لەم ڕۆمانەدا زیاتر نوسەر پەنای بۆ ئەم ڕوداوانە بردووە کە یەکجار لە دونیای حیکایەتدا ڕویانداوە و یەکجاریش گێڕدراونەتەوە کە ئەمەش باوترین جۆری دوبارەبوونەوەیە بە "دوبارەبوونەوەی تاك"ناسراوە. لەدوای ئەویشدا نوسەر سودی لە تەکنیکی "دوبارەبوونەوەی چەندجارە" وەرگرتووە، هەوڵیداوە ئەو ڕوداوانەی کە سەرەکین زیاتر لەجارێك لە ڕۆمانەکەیدا دوبارەببنەوە لەدوای ئەویش جۆرەکانی دیکەی دوبارەبوونەوەش بەکارهاتوون.

## لیستی سەرچاوەکان:


١-ئەڵوەنی، نەجم خالید(٢٠٠٤)بینای کات لە سێ نموونەی ڕۆمانی کوردیدا (ژانی گەل، شار، ڕاز)، چ١، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٢-بشیری، محمود-هرمزی، زهرا(١٣٩٣)تحلیل ساختار روایت در رومان آفتاب پرست نازنین، مجله متن پژوهی ادبی، شماره ٥٩، سال١٨، بهار.

٣-بهنام فر، محمد- ساروکلایی، ....(١٣٩٣)بررسی زمانمندی روایت در رمان سالمرگی-براساس نظریه ژرار ژنت، مجله متن پژوهی ادبی، شماره ٦٠، سال١٨، تابستان.

٤-پیربال،فەرهاد(٢٠١٠) هوتێل ئەوروپا، چاپ یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

٥--تازەکند، رؤیا جدی....(١٣٩٦) بررسی مؤلفه زمان در اتوبوس شمیران بر اساس دیدگاه ژرار ژنت، مجله متن پژوهی ادبی، شماره ٧٦، سال ٢٢، تابستان.

٦-تولان، مایکل جی(١٣٨٣) درآمدی نقادانه-زبانشناختی بر روایت، ترجمه ابوالفضل حری، بنباد سینمایی فارابی، تهران.

٧-حاجی، سەنگەر قادر(٢٠٠٩)بنیاتی گێڕانەوە لە داستان "مەم و زین"ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی "شاری مۆسیقارە سپیەکان"ی بەختیار عەلی دا، چاپ١، چاپخانەی خانی، دهۆك.

٨-دهخدا،علی اکبر(١٣٧٧)لغت نامه دهخدا، جلد٨، چاپ ٢، دانشگاه تهران، تهران.

٩-ژنت، ژرار(١٣٨٨)"نظم در روایت" گزیده مقالات روایت، مارتن مك کوئیلانو ترجمه فتاح محمد، مینوی خرد، تهران.

١٠-سعید، جلال ئەنوەر(٢٠٠٩) تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار عەلی دا،

١١-شکری،یدالله(١٣٩٥)ساختار روایت در داستان شیخ صنعان-بر نظریه "ژرار ژنت"، مجله مطالعات زبانی-بلاغی، شماره ١٣.

١٢-شهبان، محمد-پناهلو، ماهرخ علی(١٣٩٦)تحلیل زمان روایی در دو فیلم دەربارە "لی" و "گذشته" از دیدگاه ژرار ژنت، مجله دو فصلنامه روایت شناسی، شماره ٢، سال اول، پایز و زمستان.

١٣-فاضلی، فیروز-تقی نژاد، فاطمه(١٣٨٩)روایت زمان در رمان از شیطان آموخت و سوزاند، مجله ادب پژوهی، شماره ١٢، تابستان.

١٤-قاسم زاده،سید علی- ...(١٣٩٣)مقایسه عنصر زمان در روایت پردازی رمان های به هادس خوش آمدید و سفر به گرای ٢٧٠ درجه- بر مبنای نظریه ژرار ژنت، مجله ادبیات پارسی معاصر، شماره٢، سال٤، تابستان.

١٥-علیزاده،ناصر-فرید،مهناز مهدی زاده(١٣٩٥)بررسی عنصر زمان در قصه ورقه و گلشاه از دیدگاه ژرار ژنت، مجله دو فصلنامه زبان و ادبیات فارسی، شماره٨٢، سال ٢٥، بهار و تابستان.

١٦-طاهری، قدرت الله-پیغمبرزاده، لیلا سادات(١٣٨٨)نقد روایت شناسانه مجموعه "ساعت پنج برای مردن دیراست" بر اساس نظریه ژرار ژنت، مجله ادب پژوهی، شماره ٧-٨، بهار و تابستان.

١٧-کنان، شلومیت ریمون(١٣٨٧)روایت داستانی: بوطیقاء معاصر، ترجمه ابوالفضل حری، نیلوفر، تهران.

١٨-گریان، فرهاد درود- کوپا، ..(١٣٩١)زمان روایی در رمان احتمالا گم شده‌ای- بر اساس نظریه ژرار ژنت، مجله فصلنامه تخصصی مطالعات داستانی، شماره ٢، سال ١، زمستان.

١٩-لوته، یاکوب(١٣٨٦) مقدمه‌ای بر روایت در ادبیات و سینما، ترجمه امید نیك فرجام، مینوی خرد، تهران.

٢٠-مارتین،والاس(١٣٨٦)نظریه‌های روایت، ترجمه محمد شهبا، چاپ دوم، هرمس، تهران.

٢١-مکاریك،ایرناریما(١٣٨٥)دانش نامه نظریه‌های ادبی معاصر، ترجمه مهران مهاجر و محمد نبوی، نشر اگه، تهران.

٢٢-موفتی،پەری سالح(٢٠١٢)گێڕانەوە لەچیرۆکەکانی(ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل)، چاپ١، چاپخانەی حاجی هاشم،هەولێر.

٢٣-هەژار(١٣٨٥)هەنبانە بۆرینە-فەرهەنگی کوردی-فارسی، چاپ٥، تهران.

٢٤--یعقوبی، رؤیا(١٣٩١)روایت شناسی و تفاوت میان داستان و گفتمان- براساس نظریات ژرار ژنت، مجله پژوهش نامه فرهنگ و ادب، شماره ١٣، سال هشتم، بهار و تابستان.

٢٥--اخوت،احمد(١٣٧١)دستور زبان دستان، نشرفر، اصفهان.

٢٦-الکساسبة،عبدالله مسلم(٢٠٠٦)تجربة سلیمان القوابعة الروائیة،دارالیازوری العلمیة للنشر و التوضیع، عمان، الاردن.

27-Genette, Gerard(1983)Narrative Discourse An Essay in Method, Translated by Jane E.Lewin, Gernell university press, Ithaca, New York.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360